# ململانێی پورتوگالی – عوسمانی لە زەریای هیند و کەنداوی فارسدا ١٥٠٦-١٥٦٦ز
# توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسیە

د. ئاکۆ عبدالکریم محمود                    م . هەستیار محمد علی سید محمد

زانکۆی سلێمانی

فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان

سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی مێژوو

## پێشەکی

زەریـای هینـد بـەردەوام لـە سـەرەتای ململانێکـانی نێـوان دەوڵـەتی عوسمـانی و پورتوگالیـەکان ئـەو بەردەبازە بوو کە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی داوە لەوێوە شوێن پێیەك بۆخۆی پەیدا بکات لە کەنـداوی فارسـدا چونکە ئەو کەنداوە بەردەوام پێگەیەکی ستراتیژی هەبووە لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا ، بـە تایبـەتی دوای بـە ئاکـام گەیشـتنی پرۆسـەی دۆزینـەوە جوگرافیـەکان و سـەرکەوتنی پورتوگالیـەکان لـە گەیشـتن بـە هینـد ، لـە ڕێگایەکی نوێوە جیـاواز لـەو ڕێگـا کۆنـەی بازرگـانی کـە لـە لایـەن مەمالیکەکان و عەرەبـەوە کۆنتڕۆڵ کرابـوو ، زۆرتـرین داهـاتی ئـابووری بـۆ ئـەو دەسـەڵاتە بـە دەسـت دەهێنـا و بارگرانیـەك بـوو لـە سـەر شـانی بازرگانـە ئەوروپاییەکان .

## گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بە شێوازێکی ئەکادیمی تیشك بخاتە سەر ململانێـی زلهێزێکـی وەك پورتوگـال لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا ، کـە میراتگـری دەسـەڵاتی لاوازی سـوڵتانەکانی مـەمالیك بـوون لـە ڕۆژهەڵاتـدا ، ئـەم دەوڵەتـە نوێیـە مـاوەی زیـاتر لـە نیـو سـەدەی لـە بەربەرەکانیـدا بـوو لەگـەڵ پورتوگالیەکانـدا بـە مەبەسـتی کۆنـتڕۆڵکردنی ئاوی کەنداوی فارس و سوود وەرگرتن لەو داهاتە ئابوورییە زۆر و زەوەندەی پورتوگال بە تەنها سوودی لێدەبینی لە ئاکامی ئاڵوگۆڕی بازرگـانی نێـوان ئـەوروپاو هینـدسـتان کـە بـە کەنـداوی فـارس و زەریـای هیندیدا تێپەڕ دەبوو .

## ئامانجی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سروشـتی ململانێـی نێـوان ئـەو دوو هێـزە بخرێتـە ڕوو کـە هەریەکـەیان لای خۆیەوە هەوڵی دەدا پاساوێکی ئاینی بۆ بدۆزێتەوە جۆرێك لە پیرۆزی پێببەخشێت ، ئەمە جگە لەوەی ئامانجی توێژینەوە کە دەرخستنی ڕەوشی کەنداو و دانیشتوانەکەیەتی لەو سەردەمەدا و هەڵوێستیان لـەو دوو دەوڵەتـە بێ گوێدانە وابەستەگی ئایینی و مەزهەبی .

ئـەم توێژینـەوەیـەمان دابەشـکردووە بـە سـەر دەروازەیـەك و دووباسـدا ، لـە دەروازەدا تیشـکمان خستۆتەسـەر کۆمەڵێك لایەنی مێژوویی و ئابووری زەریای هیند و کەنداو بە درێژای مێژوو ، وێڕای جەخت کردنمان لە سەر

زاراوەی کەنداو ، کە لە بنەڕەتەوە ( کەنداوی فارس ) بوە و دواتر زۆر درەنگ لە لایەن مێژوو نووس و جوگرافی ناسە عەرەبەکانەوە گۆڕدراوە بۆ ( کەنداوی عەرەبی ) .

**باسی یەکەم** : ئەم باسە تایبەتە بە خستنە ڕووی سەرەتاکانی دەرکەوتنی داگیرکاری پورتوگالی لە زەریای هیند ململانێ لەگەڵ دانیشتوانەکەی بە تایبەتی میر و پاشاکانی هیند بەگشتی ، وێڕای ئاوڕدانەوە لە بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ دەسەلاتی مەمالیك ، کە مەبەستیان بوو شکۆی بازرگانی جارانیان بگێڕنەوە .

**باسی دووەم** : ئەم باسەمان تەرخانکردووە بۆ سەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی لە سەر شانۆی سیاسی ناوچەکە و وردەکاری ململانێی ئەوان لەگەڵ هێزەکانی پورتوگال لە زەریای هیند و دەریای سوور و کەنداودا دوای رووخانی دەسەڵاتی مەمالیکیەکان .

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە سودمان لە دەیان سەرچاوە و ژێدەر وەرگرتووە ، ژمارەیەکی بەرچاویان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە نێوەڕۆکی بابەتەکەوە ، هەیە و سەرچاوەی نوێ و تایبەتمەندن بەمێژووی دەوڵەتی عوسمانی و ئەورپا ، وەك ( الدولة العثمانیة تأریخ والحضارة ) نوسینی ( اکمل الدین احسان اوغلی ) ( الدولة العثمانیة من النشؤ الی الانحدار ) نوسینی ( خلیل اینالجك ) ( الدولة العثمانیة والعالم المحیط بها ) نوسینی ( د . ثریا فاروقي ) ، ( والجزیرة العربیة ) نوسینی ( د . طارق نافغ الحمداني ... هتد ) .

**دەروازە :**

زەریای هیند کە دەروازەی ململانێکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە گەڵ پورتوگالیەکاندا و لەوێوە بەرەو کەنداو کشا ، سێهەم زەریایە لە جیهاندا لە ڕووی ڕووبەرەوە دوای هەردوو زەریای هێمن و ئەتڵەسی ، ڕووبەری دەگاتە ( ٧٤) ملیۆن کم[٢] ، ئەم زەریایە گرنگیەکەی لەوەدایە کە دەڕوانێت بە سەر دەریای سوور و کەنداوی فارس و دەریای عەرەبدا ، لە هەمان کاتدا دەڕوانێت بە سەر دەریای ( ئەندامان ) و کەنداوی ( بەنگال ) لە ڕۆژئاوا لە ئەفریقاوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو ئوستورالیا و ئەندۆنیزیا لە ڕۆژهەلات ، لە باکووریشەوە لە ئاسیاوە درێژ دەبێتەوە تاوەکو کیشوەری جەمسەر لە باشوور ، زەریای هیند لە کۆنترین چاخەکانەوە یەکێك لە گرنگترین ڕێگا بازرگانیەکان پێك دەهێنێت لەجیهاندا ، لە لایەن چینی و هیندی و عەرەبەکانەوە بەکارهاتووە لە بزاوتی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی شمەك و کالاً بازرگانیەکاندا [(١)] .

کەنداو وەك ناو و زاراوە لە مێژووی کۆندا بە ( دەریای نزیك ) ناوی هاتووە ، لە بەرامبەر ئەم ناوەشدا هەردوو زاراوەی ( دەریای سەرو ) یان ( دەریای باڵاً ) هەبوو کە مەبەست لێی ( دەریای سپی ناوەڕاست ) بوو ، بەلاّم کۆنترین ناو هاتنی کەنداو بە ( کەنداوی فارس ) بۆ ساڵی ( ٣٢٥ پ . ز ) دەگەڕێتەوە کاتێك دەریاوانی گریکی ( نیارکۆس ) بە کەشتیگەلەکەیەوە بە بەری ڕۆژهەلاّتی ئەو ئاوەدا تێپەڕ دەبێت کە بەرە قوڵەکەیەتی ، ئەو کات (نیارکۆس ) ناوی دەنێت ( کەنداوی فارس ) ئەمەش هەمان ئەو زاراوەیەیە کە جوگرافی ناسە موسڵمانەکان لە دوای وەرگێرانی کتێبەکەی ( بەتلیمۆس ) ە وە ڕایان گوێزاوە و بەکاریان هێناوە [(٢)] .

دواتر ناو و زاراوەی دیکەش بەکارهاتوون لە شێوەی ( کەنداوی قەتیف ) یان ( کەنداوی بەسرە ) بەلاّم ئەم زاراوانە نوێن و زۆر دواتر کەوتوونەتە نێو نوسین و سەر زار [(٣)] ، چونکە دوای یۆنانیەکان ڕۆمانیەکانیش بە هەمان شێوە زاراوەی ( کەنداوی فارس ) یان بەکارهێناوە ، دوای ئەوانیش جوگرافی ناسە گەورەکانی جیهانی ئیسلامی وەك : ( بکري ، الاندلسی ، المسعودی ، الهمدانی ، المقدسی ، الحموی ، الاصطخري ، ابن خرداذبة ، ابو الفداء ، القزوینی ، الدمشقی ) هەمان زاراوەیان بۆ ناساندنی کەنداو بەکارهێناوە [(٤)].

کەنداوی فارس لە ڕووی پێگەو شوێنی جوگرافیەوە دەکەوێتە نێوان بانی ئێـران ، لـە ڕۆژهەڵاتـەوە (نیمچـە دوورگەی عەرەب) لـە ڕۆژئـاواوە ، گـەروی (هـورمز و کەنـداوی عومـمـان ) دەکەونـە لای باشـووریەوە ، (دەوڵـەتی عێراق) دەکەوێتە لای باکووریەوە [٥] .

کەنداوی فارس بە یەکێك لە ئاوەگرنگـەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست دەژمێردرێت [٦] ، چـونکە یەکێکـە لـە حەوت ئـاوە گرنگـەکان کـە بـە دەوری ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتەوەن ، بـریتین لـە ( دەریـای ڕەش ، دەریـای سـوور ، دەریای سپی ناوەڕاست ، زەریـای هینـدی ، هـەردوو گـەرووی بسفۆڕ و دەردە نیـل ، هـەردوو گـەروی سـوێس و بابولندب ، کەنداوی فارس ) [٧] ، ئـەم پانتاییـە ئاویـە ڕووبەرەکـەی نیـوەی هـەردوو دەریـای قـەزوین و دەریـای ڕەش دەبێت [٨] ، گرنگـی پێگـەی سـتراتیژی کەنـداو لـە مێـژە بەدەرکـەوتووە و وەك ڕێگەیـەکی بازرگـانی گـرنگ ناسراوە ، چونکە لە گەڵ ئەو دەروازە وشکانیەی دەکەوێتە نێوان ( زاگرۆس - تۆرۆس ) ڕێگای ناوەڕاستی پێك هێناوە لە ڕێگاکانی بازرگانی ڕۆژهەڵات ، ئەم ڕۆڵە گرنگەشی بەردەوام بووە لـە گواسـتنەوەی ئـەم بازرگانیـەو و پەیوەندییـە مرۆییـەکانی دیکـەی نێـوان جیهـانی زەریـای هینـدی و جیهـانی دەریـای ناوەڕاسـت لـە کـۆنترین سەردەمەکانەوە تا ڕۆژگاری هەڵکەندنی نۆکەنـدی سـوێس [٩] ، کەنـداوی فـارس لـە ڕێگـای کەنـداوی عوممانـەوە درێژ دەبێتەوە بۆسەر زەریای هیند [١٠]، هەرچەندە لە چاخە کۆنـەکاندا ئەم جوگرافیایـە بـەو شـێوەیە نـەبووە ، واتە کەنداوی فارس لە سەرەتادا بەزەریای هیندیەوە نەبەستراىبۆوە بەڵکو چـیاکانی عومـمـان جیـای دەکردنـەوە ، بەڵام دواتر ناوچەی ( هورمز ) کەنـداوی فـارس گەیشـتەوە بـەزەریای هینـدی [١١] بـە پێـی ئـەم مێـژووە کەنـداو گرنگیەکی گەورەی هەبووە لە پێودانگی سیاسەتە نێو دەوڵەتیەکاندا بە حوکمی ئەو پێگە جوگرافیە سـتراتیژیە گەورەیـەی دەکەوێتـە نێوەنـدی جیهـانی کـۆن [١٢] ، لـە هـەمان کاتـدا ڕۆڵـی بەرچاویشـی هـەبووە لـە ڕووی بەکارهێنانـەوە وەك ڕێگایـەکی سـتراتیژی گواسـتنەوەی بازرگـانی ئـاوی ، هـەروەها وەك بـەردەبازێکیش بـەرەو وشـکانی بـە مەبەسـتی بەسـتنەوە ی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا [١٣] ، لێـرەدا دەکرێـت ئامـاژە بـەوە بکـەین کـە چـۆن زلهێزەکـان ئـاوی کەنـداو و زەریـای هینـدیان بـەکارهێناوە بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە هیندسـتان لـە سـەدەی شانزەهەمدا دەشێت ئەم بابەتە بە یەکەم هۆکاری هاتنی ئەوروپاییەکان لە قەڵەم بدرێت بۆ کەنداو [١٤] ، چونکە ڕۆژئاواییەکان خۆیان ڕاشکاوانە دان بەو ڕاستیەدا دەنێن ، کە هیچ ناوچەیەك لە جیهاندا هاوتای کەنداوی فارس نابێت لە ڕووی گرنگی و پێگەو هەڵکەوتەی جوگرافیاوە ، ئەمە وێڕای هەستیاریی ناوچەکە ، بۆیە زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوون کە هیچ مەترسیەك ڕووبـەڕووی بەرژەوەندییـەکانیان نەبێتـەوە لـە کەنـداودا [١٥] ، ئـەوان کەنـداو هێندە بە گرنگ دەزانن کەوەك شادەماری ژیان بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە قەڵەمی دەدەن ، لـەو ڕوانگەیـەوە کە دەکەوێتە چەقی سەرجەم ڕێگا ئاوییەکان بەرەو ڕۆژهەڵات [١٦] ، ئەم شـوێنە سـتراتیژیەی کەنـداو یەکێکـە لـە هۆکارەکـانی پەرەسـەندنی گرنگیـی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت ، چـونکە بۆتـە ڕێگـای تێپـەڕبوونی سـەرجەم ئـەو ڕێگایانەی کە ئەوروپاو ڕۆژهەڵات لە ئاسیادا پێکـەوە گرێـدەدەن و سـەرجەمیان بـە کەنـداوی فـارس و نۆکەنـدی سوێسدا تێپەڕ دەبن [١٧] ، تەنانەت ژمارەیەك لە توێژەران کەنداوی فارس بە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قەڵەم دەدەن لە ڕووی پێگەی جوگرافیـەوە [١٨] ، هەنـدێك جـار ناوچـەی کەنـداو وەك ناوچـەی ( پێکـدادان و بەریـەك کەوتن ) ناو دەبرێت ، چونکە ناوچەیەکی ناوەندییە ، دەکەوێـتە ناوەنـدی هێـزە جیهانییـە گەورەکانـەوە ، ئـەم ناوچـەیەش بـە سروشـت و ژینگـە ناوچـەیەکی گواسـتنەوەیە ، (سیاسـی ، دەریـایی ، وشـکانی ) بەپلـەی جیـاواز کۆدەکاتەوە و لە ڕووی ستراتیژیەوە بە بەرەی پێکدادان و گۆڕەپانی جەنگیشە ، لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگدا لە

نێوان هێزە جیهانیەکان ، هەرئەمەش وایکردووە بە درێـژایی سـەردەمەکان لەچاخەکۆنەکانەوە تائێستا گرنگی کەنداوی فارس بەردەوام بێت [١٩] .

زلهێزەکان دواتر بەشێوەیەکی گشتی بە شێوەیەکی گشتی ئاوەکانی کەنداو ودەریـای هینـدیان بـەکار دەهێنـا بە مەبەستی هاتووچۆکردن و گەیشتن بـە هینـد ، هـەر ئـەم سـەرەتایەش بـە سـەرەتای ململانێـی نێـوان هێـزە ئەوروپیەکان دادەنرێت لەپێناو گەیشتن بـە کەنـداوی فـارس کـە بێگومـان ئـەم دەسـتپێکە بـۆ سـەرەتای سـەدەی شانزەهەم دەگەڕێتەوە [٢٠] .

بێگومان بەر لە سەدەی ( ١٦ ) و دواتریش هێڵەکانی گواستنەوەی نێو دەوڵەتی کە ڕکابـەری کەنـداویان دەکـرد بریتی بوون لە :

ڕێگەی دەریای سوور – نۆکەندی سوێس – ڕێگای ئێران – ڕێگای دەریای قەزوین – دەریای ڕەش .

سوڕانەوە بە دەوری ئەفریقادا لە کۆتایی سەدەی پانزەهەم .

ڕێگای ئاسیای ناوەڕاست کە بە دەوری قەزوین و ڕووباری ( ڤۆلگا ) دا تێدەپەڕێت ، ئەگەر ناوی کەنداوی فـارس بهاتایە لەگەڵیدا ناوی هەریەك لە دەریای سوور و دەریای ڕەش و دەریای ناوەڕاستیش دەهات ، کە بەشی باشوری کەنداوی فارس بە ( کەنداوی عوممان ) دەناسـرێت ، بـە ناوچـەی هـورمز یـان ( ئـورمز ) کۆتـایی دێـت ، دواتـر کەنداوی فارسی پێك دەهێنێت [٢١] .

## باسی یەکەم / سەرەتاکانی گەیشتن و داگیرکاری پورتوگال لە کەنداوی فارسدا .

پورتوگال یەکەم دەوڵەتی ئەوروپی بوو کە دەستیکرد بە دۆزینەوەی جوگرافی [٢٢] ، ئەمەش بە پلەی یەکەم پەیوەندیی بە شوێن و هەڵکەوتەی ئەو وڵاتە بوو کە یارمەتیدەربوو بۆ ئەو هـەنگاوە [٢٣] ، بـە پلـەی دووەمـیش گرنگـی پێـدان و ئاوڕدانـەوەی شـازادە ( هینـری دەریـاوان ) ( ١٣٩٤ - ١٤٦٠ ز ) بـە پرۆسـەی دۆزینـەوەی جوگرافیەکان ، ناوبراو کەسێکی بە ئاگابوو لە بارەی جوگرافیاو ماتماتیك [٢٤] .

هێنری کوڕی سـێیەمی ( یوحـەننای یەکـەم ) بـوو هـەر لـە منداڵیـەوە خولیـای توێژینـەوەی جـوگرافی و فەلەکیـەکان بـوو ، نەخشـە جوگرافیـەکانی کـۆدەکردەوە و بـە ووردی لێیـانی دەکۆڵیـەوە ، گرنگـی بەجووڵـەی ئەستێرەکان و ڕێگا دەریاییەکان و ئاڕاستەو جوڵەی ئەو بایانە دەدا کە هاوکار بوون بـۆ دەریـاوانی ، چونکە ئـەو ڕۆژگارە هێشتا باوی کەشتی چارۆکەدار بوو لە دەریاو زەریاکاندا ، لەم ڕوانگەیەشەوە ئەوپـەڕی گرنگـی دەدا بـە درووستکردنی کەشتی و گەشەپێدانی ئەو پیشە سازیە کە بێگومان هاوکار بوو بۆ بەرەو پێشبردنی بزووتنـەوەی دۆزینـەوەی جوگرافیـەکان [٢٥] ، هـەروەها دڵگـەرم بـوو بـۆ بـڵاو کردنـەوەی ئـایینی مەسـیحی لـەنێو دانیشـتوانی کیشوەری ئەفریقادا ، چونکە پورتوگال لە یەکەم قۆناغەکانی دۆزینەوە جوگرافیەکاندا بەرەو کیشوەری ئەفریقا هەنگاوی نا ، لە ڕاستیدا پورتوگال بە شوێن کانـە زێڕەکانـدا دەگـەڕا ، لـە هـەمان کاتـدا ئـەو ڕۆژگـارە پورتوگـال خاوەنی چەك و جبەخانەیـەکی وەهـابوو هاوسـەنگی هێزەکـانی گـۆڕی بـوو ، هـەروەها دۆزینـەوەی (قیبلـە نمـای دەریاوانی و جوڵەی هەسارەکان و کەش و هەواو بـاوەڕبوون بـە خـڕی گـۆی زەوی ) هاوکـاری پێشـڕەوی پرتوگـال بوون لە دۆزینەوەی جوگرافیەکاندا ، هەروەها پرتوگال لە ڕۆژئاوای عەرەبی و ڕۆژئاوای ئەفریقاوە نـزیکتر بـوو لە هەموو وڵاتانی دیکەش زیاتر کاریگەری ئەو گۆڕانکاریـە بازرگانیـەی مەمالیکـەکانی پێـوە بـە دیـار کـەوتبوو ، بۆیـە بـەر لـە هـەمووان ئـەو هـەنگاوەیان نـا هـەر بۆیـە ( هێنـری دەریـاوان ) نزیکـەی ( چـل سـاڵ ) سـەرقاڵی ئامادەکردنی هەڵمەتەکانی دۆزینەوەی جوگرافی بـوو ، کەشـتیگەلەکانی ڕەوانـەی کـەنارەکانی خۆرئـاوای ئـەفریقا دەکرد ، ئەوەبوو هەندێ دوورگەی گرنگی وەك ( مادێرا ، کاناری ، دوورگـەکانی ئـازۆر ) لـە زەریـای ئەتڵەسـیدا

دۆزيـەوە وێـڕای هەنـدێك مەڵبەنـد لـە سـەر كـەناری ئـەفريقا وەك ( Cape Blonco سـەری سـپی ) ، ( Cape Verde سەری سەوز ) ، ئەمەش بازرگانيەكی فراوانی بۆ دەستەبەر كردبـوون لـە بـواری بـە كۆيلـە كردنی دانيشتوانی ئـەفريقا و بازرگـانيكردن پێيانـەوە ، كـە بـەرەو بازاڕەكـانی ئـەوروپايان دەبـردن ، بـە مـەش قازانجێكی زۆری بۆ فەراهەم كردبوون ، دوای گەيشتنيان بە كەنارەكانی ( گانا و كەناری عـاج و كـەناری زێـڕ و مالاپار ) [٢٦] .

دوای مردنی ( هێنری دەرياوان ) ( يوحەننای دووەم ) بەردەوام بوو لـە درێـژە دان بـە هەوڵـەكانی هێنـری ، بەلاّم لە ساڵانی ( ١٤٧٥ – ١٤٧٩ز ) ئەم كۆششانەی (پرتوگال) تا ئەندازەيەك پەكيان كەوت بـە هـۆی هەڵگيرسـانی جەنگ لە نێوان ئيسپانياو ولاّتەكەياندا ، تائەو كاتەی ( يوحەننای دووەم ) ( پاسلميۆ ديـاز ) ی لـە ( ١٤٨٧ ) دا ڕەوانەكرد بە مەبەستی دۆزينـەوەی پاشمـاوەی كـەناراوەكانی ئـەفريقاو و سـوڕانەوە بـە دەوری كيشـوەرەكەدا بـۆ گەيشتن بە (هيند ) بە ڕێگايەكی ئاوی ڕاستەوخۆدا لە بری ئەو ڕێگا كۆنەی پێشتر لە دەريای سپی ناوەڕاسـتەوە بە جيهانی ئيسلامی بە ژێردەستی مەماليكەكاندا تێپەڕ دەبوو ، (دياز) لەم ئەركەيدا سەركەوتوو بوو ، تـوانی ( لوتكەی سـەرئاواتی چاك - Cape of good hope ) بدۆزێتـەوە لـە سـاڵی ( ١٤٨٨ز ) ، هەرچـەندە نـاوبراو سەرەتا ناوی نابوو ( كەنداوی ئەڵگۆوا ) ، دواتر پاشـای پرتوگـال ناوەكـەی گـۆڕی بـە ( لوتكـەی ئـاوات ) چـونكە ئاواتی دۆزينەوەی ڕێگايەكی ئاوی ڕاستەوخۆی بۆ هيند بوژاندەوە [٢٧] ، بەلاّم لـە هـەمان كاتـدا ئيسـپانيەكانيش سەرقاڵی بزووتنەوەی دۆزينەوەی جوگرافيەكان بوون ، ئەمەش وايكرد ململانێيەكی توند لە نێـوان پرتوگـال و ئيسپانيادا سەرهەڵبدات ، لە پێناوی دەستكەوتەكانی ئەو جيهانە نوێيەی دەيدۆزنـەوە ئـەو سـەروەت و سامانەی چنگيان دەكەوێت ، دواجار هەردوولا پەنايان برد بۆ ( پاپا ئەسـكەندەری شەشـەم ) كـەنێوانگيريان بـۆ بكـات و بڕيارێـك لـەو بارەيـەوە دەربكـات ، پاپـا لای خۆيـەوە بڕيارێـدا كـە سـەرجەم ئـەو شـوێنانەی دۆزراونەتـەوە و ئەوانەشـی دواتـر بـە ئاڕاسـتەی ڕۆژئـاواوە دەدۆزرێنـەوە يـان بـە ئاڕاسـتەی هينـد و زەرياكانـدا ، ئەوانـەش لـە نێوانياندا دابەشدەكرێن ، لە راستيدا ئەم بڕيارەی پاپا بوو بە سەرەتايەك بۆ پەيمانی ( تـۆرت سـيلاس ) كـە لـە سـاڵی ( ١٤٩٤ ز) لـە نێـوان هـەردوو دەوڵەتـدا مۆركرابـوو ، بـەو پێيـە پرتووگـال دەسـت والاّ كـرا لـە هـەموو دۆزينەوەيەك لە ڕۆژهەلاّتی ئەو هێڵە وەهميەی بە درێژايی زەريای ئەتڵەسی كێشرابوو ، بـەدەوری ( ٣٧٠ ميـل ) ڕۆژئاوای دوورگەكانی سەری سەوز [٢٨] ، پرتوگاليەكان دوای هەڵمەتەكانی (دياز) بەردەوام بوون لە درێـژەدان بـە دۆزينەوەی جوگرافيەكان ، ئەوەبوو ئـەم جارەيـان ( فاسـكۆ ديگامـا ) هەڵمـەتێكی دەريـايی نـوێی ئامـادەكرد بـە مەبەستی تەواوكردنی ڕێگای باشووری ئەفريقا و گەيشتن بە هيند ، ئەم هەڵمەتەی (ديگاما ) سەركەوتووبوو لە گەيشتن بـە ئامانجەكـەی و تـوانی خولانەوەيـەك بـە دەوری ئـەفريقادا تـەواو بكـات و بگاتـە كـەناری ڕۆژهـەلاّتی ئەفريقاو بەرەو ( مۆزەمبيق ) ، پاشان گەيشـتە ڕۆژئـاوای هينـد و تـوانی پەيوەنـديی لەگـەڵ ميرەكـانی ئەوێـدا ببەسـتێت و پەيماننامـەی بازرگانيـان لـە گەڵـدا مۆربكـات سـاڵی ( ١٤٩٩ ز ) كەشـتيەكانی بـاركرد لـە (بـەهارات و بەرهەمەكانی ڕۆژهەلاّت ) و گەڕايەوە بۆ وولاّتەكەی بە مەش سەركەوتوو بوو، لە بەديهێنانی ئامـانجی پرتوگـال لە دۆزينەوەی ڕێگايەكی دەريايی ڕاستەو خۆ بۆ هيندسـتان [٢٩] ، ئـەم ڕێگايـە زەريـای ئەتڵەسـی دەبەسـتەوە بـە زەريـای هينـدی بـە تێپـەڕبون بـە باشـووری كيشـوەری ئـەفريقادا گـەورەترين كاريگـەری هـەبوو، بـۆ سـەر گەشەسـەندنی بازرگـانی جيهـانی و پەرەسـەندنی پەيوەنديـيە سياسيـە نێـو دەوڵەتيـەكانی ئـەو كاتـە [٣٠] ، ئـەم هەنگاوەی ( فاسكۆ ديگاما ) كۆتايی هێنا بە سەردەمی بازرگانی شـارە ئيتاڵيـەكان ( جەنـەوا ، بيـزا ، ڤينـيس ... هتـد ) كـە وەك نێـوان گيرێـك لـە نێـوان جيهـانی ئيسلامی و ئـەوروپا كـارە بازرگانيـەكانيان ئـەنجام دەدا ، بـەو

هۆیەوە ئەو شارانە تەواو گەشەیان کردبوو ، بەلاّم دوای ئەم دۆزینەوەیە ئەو دەوڵەمەندی و گەشەسەندنەی شارە ئیتاڵیەکان بەرە و ئاوا بوون دەچوو ، پرتوگال توانی بە دەوری جیهانی ئیسلامیدا بسورێتەوە و کۆتایی بە دەسەلاّتی موسڵمانەکان بهێنێت بە سەر ڕێگا بازرگانیەکان و کۆنترۆڵی بازرگانی نێوان ئەوروپا و ئاسیا بکات [٣١] ، لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگی سەدەی شانزە نەخشەی جوگرافی جیهان شێوەیەکی نوێی بەخۆوە گرت ،لە ئاکامی ئەو گۆڕانکاریە گەورە و ڕیشەییانەی لە بوارە سیاسی و ئابووری و ستراتیژیەکانی دوای دۆزینەوەی جوگرافیەکان هاتنەکایەوە [٣٢] ، (فاسکۆ دیگاما) ساڵی ( ١٥٠٢ز ) هەڵمەتێکی دەریایی نوێی ئامادەکرد بە مەبەستی گەیشتن بە هیند ، دوای تێپەڕبون لە ( لوتکەی سەر ئاواتی چاك ) و پەڕینەوە لە زەریای هیندی گەیشتە ( دەریای عەرەب ) ئەم هەڵمەتەی ناوبراو لە ( ١٥ ) کەشتی پێك هاتبوو ، لەم گەشتەیدا لەگەڵ ژمارەیەك کەشتی عەرەبدا دووچاری شەڕو پێکدادان بوو ، بەلاّم درێژەی بە گەشتەکەیدا تاگەیشتە شاری (گوا) لە هیند [٣٣] ، لەم سەرو بەندەدا ( ئەمانوێلی یەکەم ) شای پرتوگال بڕیاریدا بە تەواوەتی کۆنترۆڵی ئەو ڕێگا بازرگانیە نوێیە بکات ، ئەوەش بە داگیرکردنی ( عەدەن ، هورمز، مەلەقە ) بۆ ئەم مەبەستە ( فرانسیسکۆ دالمێدا ) ی لەساڵی ( ١٥٠٥ز ) ڕەوانەی هیند کرد و لەوێ بە فەرمانڕەوایی داگیرگە پرتوگالیەکان دایمەزراند [٣٤] ، ئەو کاتە تاکە دەسەلاّتێکی دیار و بەرچاو لەو ناوچەیەدا دەسەلاّتی مەمالیکەکان بوو، لە ( شام و میسر و حیجاز ) کە دەسەلاّتیان و ئەزموونیان لە ئاوەکانی دەریای ناوەڕاست و دەریای سووردا ئاشکرابوو ، هەرچەندە کەشتیگەل و چەك و جبەخانەیان بە بەراورد لەگەڵ پرتوگالیەکاندا زۆر دواکەوتوو و لاواز بوو ، ئەم ڕاستیە هەر لە سەرەتاوە بۆ پرتوگالیەکان ئاشکرابوو [٣٥] ، بۆیە کاتێك پرتوگالیەکان لە ( کالکۆتا ) دامەزران و پلانی کۆنترۆڵکردنی کەنداویان دانا هیچ ترسێکیان لە هێزی دەریایی مەمالیکەکان نەبوو ، لە کەنداویشدا ململانێیەکی توند لە نێوان ژمارەیەك سەرۆك هۆزو شێخە عەرەبەکاندا لە ئارادا بوو ، لەسەر دەسەلاّت و پەلاماری یەکتریان دەدا بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچەی زیاتر ، ئەوان لە گەرمەی ئەو کێشمەکێشمە و ململانێیەدا بوون ، کاتێك هێزی پرتوگال گەیشتە ناوچەکەو سوودیان لەو ڕەوشەو لاوازی و دابەشبوونەی دەسەلاّتدارە خۆجێیەکانی کەنداودا بینی [٣٦] ، لە ڕاستیدا کاتێك پرتوگالیەکان لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمدا دا گەیشتنە کەنداو ئەوە یەکەم کەشتیگەلی ئەوروپی بوو دوای ( نیرش ) [٣٧] ، ( نیارکۆوس ) [٣٨] فەرماندەی دەریایی ئەسکەندەری گەورە بگاتە نێوچەی کەنداو [٣٩] لێرەدا نزیك بوونەوەی پرتوگالیەکان لە کەنداوی فارس تەنها مەترسی بۆ سەر ئابووری ناوچەکە درووست نەکردبوو ، بەڵکو بوونە هەڕەشە بۆ سەر شوێنە ئایینیە پیرۆزەکانی ئیسلام ، ئەمەش وایکرد مەمالیکەکان بکەونە دۆخێکی زۆر نەگونجاو و کاریگەرەوە چونکە لە خۆیان ڕانەدەبینی بەریان پێبگرن و بەرگری لەو شوێنانە بکەن .

ئەو ڕەوشەی لە کەنداودا بالاّ دەستبوو ، پورتوگالیەکانی هاندا کە پەرە بە هەنگاوەکانیان بدەن بۆ کۆنترۆڵکردنی کەنداوی فارس ، لەم پێناوە شای پورتوگال کەسێکی دیکەی ڕەوانە کرد ئەویش ( ئەلفۆنسۆ دا ئەلبوکیرك ) بوو ناوبراو بە کەشتیگەلێکەوە پەلاماری دەریای سوور و کەنداویدا، بە تایبەتی ( مەسقەت ) کە لەو سەردەمەدا لە ژێر دەسەلاّتی شانشینی ( هورمز ) دابوو ، ئەم هەڵمەتەی ئەلفۆنسۆ ساڵی ( ١٥٠٦ ز) دەستیپێکرد ،[٤٠] لە ڕووبەڕوو بوونەوەکەدا پورتوگالیەکان کەشتیگەلی مەمالیکەکانیان تێکشاند کە بە هاوکاری عەرەبەکان ئامادەکرابوو[٤١] ، لەم هێرشەدا دەستیان گرت بە سەر دوورگەی ( سۆقەترە ) دا کە تا ئەندازەیەك زاڵبوو بە سەر گەرووی ( بابولەندەب ) دا ، دواتریش هێرشی کردە سەر ( هورمز ) [٤٢] ، و پاشاکەی ناچار کرد کە دان بنێت بە دەسەلاّتی پورتوگال و سەرانەی پێبدات ، هەروەها کالاّی بازرگانی پورتوگالیەکان لە

هەرێمەكەيدا لە پلەی يەكەمدا بێت بە بەراورد بە كاڵای دەوڵەتانی ديكە ، لە ڕاستيدا كۆنتڕۆڵكردنی (هورمز) مانای كۆنتڕۆڵكردنی دەروازەی كەنداوی دەگەياند ، بە دوای ئەوەشدا هەريەك لە ( مەسقەت و سەحار و قەتيف)ی داگيركرد و كەوتە قايمكاری لەو شوێنانەدا و قەڵای تێدا درووستكردن ، ئەلفۆنسۆ مامەڵەيەكی توندی لەگەڵ دانيشتوانی ناوچەكەدا پەيڕەو دەكرد و بەهەموو شێوەيەك سەركوتی دەكردن [٤٣] ئەم پێشڕەويانەی پورتوگال لە كەنداودا مەماليكەكانی تەواو شپرزە كردبوو لە ميسر ، لە هەمان كاتدا ميرو دەسەلأتداره هينديه موسڵمانەكان لەناوچەی ( كۆجارات ) و چەند شوێنێكی ديكە ، داوای يارمەتيان لە ( قانسۆ غوری ١٥٠١ - ١٥١٦ ز ) سوڵتانی مەماليك كرد ، تاوەكو بە هاناياناوە بچێت ، هەرچەندە بواری بەراورد كردن لە نێوان هێزی دەريايی ئەو دوو دەسەڵاتەدا نەبوو ، كەشتييەكانی مەماليك زۆربەيان كەشتی بازرگانی بوون نەك جەنگی ، بەڵام ( قانسۆ ) كەشتيگەلێكی ئامادەكرد بە هاوكاری ڤينيسيەكان ، لە كەنداوی ( سوێس ) ە وە بەرەو ( جده ) بەڕێكەوت بە سەركردايەتی ( مير حوسێنی كوردی ) ، ئەم سەركردەيە كەوتە قايمكاری لە شاری ( جده ) ە و دەيويست بيكاتە بنكەی كارە سەربازييەكانی دژ بە پورتوگال [٤٤] ، ڕاو بۆچونێكيش هەيە پێی وايە ( قانسۆ ) بۆ ئەم هەڵمەتە داوای يارمەتی لە سوڵتان ( بايەزيد ) ی عوسمانی كردووە و ئەويش بە كەشتی و دەريـاوان و دارو تەختە هاوكاری كردووە و [٤٥] لە ساڵی ( ١٥٠٧ ز ) فەرماندەيەكی دەرياوانی دەوڵەتی عوسمانی بە ناوی ( كەمال رەئيس ) كەشتيگەلی عوسمانی بەرە و بەندەری ( ئەسكەندەريە ) دەبات ، كە باركراوە لە هاوكارييە سەربازی و كەرەستەی خاوو پەنجا دانە تۆپی ئامادە .

پورتوگاليەكان لە سەرەتای هاتنيانەوە سوپاو هێزێكی زۆريان لەگەڵ خۆياندا هێنابوو ، كەشتيگەلێكی گەورە و چەكی ئاگرين و وێرانكەريان هەبوو ، ئەمەش وايكرد بوو ململانێی سەربازی لەگەڵياندا زۆر ئەستەم بێت [٤٦] .

هەربۆيە كەشتيگەلەكەی مەماليكەكان بە فەرماندەيی ( مير حوسێن كوردی ) كاتێك لە ساڵی ( ١٥٠٧ ز) بەرە و ئۆقيانوسی هيندی بەڕێككەوتن و بە هاوكاری دانيشتوانی ناوچەكە و خودی هينديەكان لە سەرەتادا نيمچە سەركەوتنێكيان بە دەست هێنا ، بەڵام لە دوا كايەدا خۆيان لە بەردەم ئەو هێزە دەريايیەی پورتوگاليەكاندا نەگرت و لە جەنگی ( ديۆ ) دا شكان ، ( مير حوسێن ) لە سەرەتای ساڵی (١٥٠٩ ز ) دا بەرە و شاری ( جده ) پاشەكشەی كرد لەگەڵ پاشماوەی هێزەكەيدا [٤٧] .

لەم ماوەيەدا ناكۆكيەك دەكەوێتە نێوان (فرانسوا دالمێدا ) و ( ئەلفۆنسۆ دا ئەلبوكيرك ) سەبارەت بە دەست نيشانكردنی ئەلفۆنسۆ وەك جێنشينی پاشای پورتوگال لە هيند ، ئەمەش وايكرد لە ساڵی ( ١٥٠٩ ز ) دا ، ( هورمز ) لە دەستبدەن ، كەوەك هەندێك سەرچاوە باسی دەكەن ، شوێنێكی هێندە گرنگی هەبووە پێی وتراوە ( ئەنگوستيلەی جيهان ) ، ئەوەی دەستی بە سەردا بگرێت واتە دەستی بەسەر جيهاندا گرتووە ، شوێنێك بووە تا دوا ئەندازە ئاوەدان و پڕ لەجموجوڵی بازرگانی و كاڵای جۆراو جۆر ، لە هەمان كاتدا دەسەڵاتدارانی ( هورمز ) هەژمونيان بە سەر ( بەحرەين ، عوممان ، قەتيف و قەلهات ) دا هەبووە ، بەڵام لە سەرەتای سەدەی پازدەهەمدا لاواز بوون لە ئاكامی كێشە ناو خۆييەكانی دەسەڵاتدارانی ( هورمز ) خۆيان [٤٨] .

كاتێك پورتوگاليەكان دەستيان بە سەرداگرت ، دوورگەيەكی چۆڵی بێ ئاو و پێداويستيە سەرەكيەكانی ژيان بوو ، ئەوان بوژاندیانەوە و كرديان بە يەكێك لە مەڵبەندە سەرەكيەكانی بازرگانی لە جيهاندا و ژمارەی دانيشتوانی گەيشتە ( ٢٠ ) هەزار كەس ، كە بەر لە هاتنی پورتوگاليەكان لە چەند ڕاوچيەك زياتر كەسی

دیکەی تێدا نەدەژیا ، هەرچەندە ڕاوبۆچوون هەیە پێی وایە لە سەردەمەکانی پێش هاتنی پورتوگالیەکان ئەو دوورگەیە زۆر ئاوەدان و گەشەسەندو بووە [٤٩] .

بەڵام پورتوگالیەکان بە درێژایی کە نارەکانی کەنداو ژمارەیەك مەڵبەندی بازرگانی جۆراو جۆریان دامەزراند و ئەرکی پاراستنی ئەو بنکەیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان بەرامبەر پەلامار و دەست درێژی دانیشتوانی ناوچەکە [٥٠] .

دوای شکستی مەمالیکەکان لە جەنگی ( دیو ) ساڵی ( ١٥٠٩ ز ) چیدی سوڵتانی مەمالیك توانای ئامادەکردنی کەشتیگەلی نەما دژ بە پورتوگالیەکان ، هەرچەندە لە ساڵی ( ١٥١٠ ز ) دا بۆ دواجار ، دوای پەنابردن بۆ ڤیسنیەکان بە مەبەستی بە دەستهێنانی هاوکاری و ڕەتکردنەوەی داواکەی ، بە ناچاری بۆ جاری دووەم پەنای بۆ سوڵتان ( بایەزید ) بردووە تاوەکو هاوکاری بکات ، بۆ ئامادەکردنی هەڵمەتێکی نوێ دژی پورتوگالیەکان ، ئەمجارەشیان سوڵتان ( بایەزید ) ، بڕێکی زۆر دار و تەختەی بۆ ڕەوانەکرد کە دەیتوانی (٣٠ ) کەشتی جەنگی پێ درووستبکات لە گەڵ ( ٣٠٠ ) تۆپ و ( ٣٠ ) هەزار تیرو بڕێك باروت و کەرەستەی دیکە ، کە بۆ کەشتی پێویستە ، لە هەمان کاتدا ژمارەیەك ئەفسەری دەریاوانی ڕەوانەی ( میسر ) کرد بۆ ڕاوێژ و هاوکاری ، بەڵام ( ڤانسۆ ) نەکارا جارێکی دیکە ڕووبەڕووی کەشتیگەلی پورتوگال ببێتەوە ، نەیتوانی هیچ هاوکاریەکی موسڵمانەکان بکات جگە لە بەڵێنی سەرزارەکی [٥١] .

دواجار پورتوگالیەکان سەرکەوتوو بوون لە دوو بارە کۆنترۆڵکردنەوەی ( هورمز ) لە ساڵی ( ١٥١٤ز ) کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی خۆجێتی دورگەکە [٥٢] ، بۆ چونێکی دیکەش ئەو ساڵە بە ( ١٥١٥ ز ) دەستنیشان دەکات [٥٣] .

لە ڕاستیدا لە دوای داگیرکردنەوەی ( هورمز ) ئیدی ( ئەلفۆنسۆ ) ڕێگای بە هیچ دەسەڵاتدارێك نەدا لەو ناوچەیەدا سەرهەڵبداتەوە ، تەنانەت کاتێك ( شا ئیسماعیلی سەفەوی ) ویستی بازرگانی دەوڵەتەکەی لە کەنداودا گەشەپێبدات و دەست لە کاروباری ( هورمز ) وەربدات و داوای باج و سەرانەی لێکردن ، دانیشتوانەکەی پەنایان بۆ پورتوگالیەکان برد ، ( ئەلفۆنسۆ بۆکیرك ) بە ( شائیسماعیل ) ی ڕاگەیاند کە هیچ هێزێك جگە لە پاشای پورتوگال بۆی نیە باج و سەرانە لە دوورگەی ( هورمز ) وەربگرێت [٥٤] .

بەم شێوەیە لە دەیەی یەکەمی سەدەی شانزەهەمدا پورتوگالیەکان بوون بە دەسەڵاتداری یەکەمی بەندەرە سەرەکیەکان لە هەردوو بەری کەنداودا [٥٥] .

## باسی دووەم / ململانێی پورتوگالی – عوسمانی

لە سەردەمی پەلهاویشتن و فراوانخوازی پورتوگالیەکان لە کەنداوی فارسدا ، وەك ئاماژەمان پێکرد دەسەڵاتدارانی مەمالیك تا دوا ئەندازە لاواز و بێ توانا بوون ، کۆنترۆڵکردنی زەریای هیندی و کەنداو ، بازرگانیە گەشە سەندوەکەی پێشتری مەمالیکی نابوت کردبوو ، بە مەش گورزێکی گەورە بە ئابووری ئەو دەوڵەتە کەوتبوو بە تایبەت بازرگانیان لەگەڵ هیند دا ، کە ئەو کات دوو ڕێگای سەرەکی دەیبەستنەوە ، بریتی بوون لە :

یەکەم : (عەدەن ، جدە سوێس ، قاهیرە) . دووەم : (هورمز ، بەسرە و لەوێوە بۆ حەلەب و تەڕابزوون) [٥٦]، ئەم گۆڕانکاریەش مەمالیکەکانی بێبەش کرد لە داهاتێکی سەرەکی و سەرچاوەیەکی سامانی دەوڵەتەکەیان [٥٧].

بێگومان ئەم لاوازیە ئابوورییە کاریگەری هەبوو بۆ سەر شوێن و پێگەی سەربازی و ئاینی ئەو دەوڵەتە لەجیهانی ئیسلامیدا ، کە تا ئەو کاتە ئەوان پارێزەری شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام و موسڵمانان بوون (٥٨) .

بەلاَم مەمالیکەکان نەکاران بە ئەرکی خۆیان هەستن و پارێزگاری لە موسڵمانان و پیرۆزیەکانی ئیسلام بکەن ، لە هەمان کاتدا وەك ئاماژەمان پێکرد نەیانتوانی بەرژەوەندییەکانی خۆشیان بپارێزن ، لەو سەروبەندەدا دەوڵەتی عوسمانی سەرقاڵی ململانێیەکی مەزهەبی – سەربازی گەورە بوو لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی تازە دامەزراو و گەشەکردوو ، دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتادا هەوڵی پاراستنی پەیوەندییەکی باشی دەدا لەگەڵ مەمالیکەکان وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد دوو جار سوڵتان ( بایەزیدی دووەم ١٤٨١- ١٥١٢ز ) هاوکاری مەمالیکەکانی کرد بۆ دژایەتی پورتوگال و کۆمەکێکی سەربازی زۆری بۆ ڕەوانەکردبوون (٥٩) .

دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ( ١٥١٣ ز ) ڕێککەوتنێکی لەگەڵ مەمالیکەکانی ( میسر ) دا مۆرکرد، هەرچەندە ئاگاردار بوو لەوە کە ئەوان ژێر بە ژێر پەیوەندییان لە گەڵ سەفەویەکاندا بە ستبوو ، پێشتر لە ساڵی ( ١٥١١ ز ) شاندێکی ( شائیسماعیلی سەفەوی ١٥٠٠- ١٥٢٤ز ) سەردانی ( قاهیرە ) ی کردبوو ، بەلاَم ( سوڵتان سەلیم ١٥١٢- ١٥٢٢ز ) دوای دەسەلاَت گرتنە دەستی هەوڵی بە هێز کردنی پێگەی خۆی دەدا بۆیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ مەمالیکدا باشترکرد (٦٠) .

بەلاَم ئەم پەیوەندییە باشە پەیووەندییەکی کاتی بوو ، چونکە عوسمانیەکان لە ئاکامی جموجۆڵی ( شائیسماعیلی سەفەوی ) و هەوڵەکانی بۆ فراوانخوازی و کۆنترۆڵکردنی ڕێگای بازرگانی ( تەورێز –حەلەب) کە بە ( ڕێگای ئاوریشم ) ناسرابوو (٦١) ، هەروەها هەوڵەکانی بۆ بلاَو کردنەوەی ئاینزای ( شیعە گەرێتی ) هەر دەبوایە بە ئاراستەی بە ڕەنگار بوونەوەی بەرێت لە گەڵیاندا ، کە دواجار لە جەنگی ( چاڵدێران ١٥١٤ز ) دا لە ( ٢٣ ئابی ١٥١٤ ز) ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە بەشکستی سەفەویەکان کۆتایی هات (٦٢) .

بێگومان ئەم سەرکەوتنەی عوسمانیەکان خۆی لە خۆیدا شکست بوو بۆ دەوڵەتی مەمالیك کەتا ئەوکاتە خۆیان بە سوڵتانی موسڵمانان لە قەڵەم دەدا ، وێڕای ئەوەی لەگەڵ عوسمانیدا هاو مەزهەب بوون ، بەلاَم سەکەوتنی ئەوانیان بەلاوە پەسەند نەبوو ، تەنانەت پێشتر لە ساڵی ( ١٥١١ ز ) هەموو جۆرە هاوکاریەکیان لەگەڵ عوسمانیەکاندا دژ بەدەوڵەتی سەفەوی ڕەتکردەوە ، لە کاتێکدا هەمان ساڵ وەك ئاماژەمان پێکرد نێردە و شاندیان لەگەڵ سەفەویەکاندا یەکتر یان دەبینی (٦٣) .

بۆ چوونێکی مێژوویی هەیە پێی وایە دەوڵەتی عوسمانی لە بنەڕەتدا پلانی فراوانخوازی بە ئاراستەی ڕۆژهەلاَتدا نەبوو ، بەلاَم جموجۆڵەکانی سەفەوییەکان و هەوڵەکانیان بۆ بلاَوکردنەوەی ئاینزای شیعە گەرێتی لە ( عێراق و ئاسیای بچوك ) ، پاڵنەرێکی سەرەکی بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی کە بەرە و ڕۆژهەلاَت بکشێ ، بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە بە تایبەت و جیهانی سوننە گەرا بە گشتی (٦٤) .

بەلاَم دەبێت فاکتەری بەرگرتن بەپورتوگالیەکان فەرامۆش نەکەین ، کە ببونە مەترسیەکی گەورە لە ناوچەکەدا و تەنانەت سەرقاڵی دابڕینی حجاز و شوێنە پیرۆزەکانی موسڵمانان بوون ، دەوڵەتی مەمالیکیش وەك ئاماژەمان پێکرد دەستەوەستان بوو لە پاراستنی ئەو شوێنانە (٦٥) .

لە ئاکامدا دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری خۆیدا ، بە تایبەتی ( سوڵتان سەلیم ١٥١٢- ١٥٢٢ ز ) دوای سەرکەوتنی لە جەنگی ( چاڵدێران ) دا ، دوای کۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەلاَتی ئەنادوڵ چەند شارو ناوچەیەکی لە دەست مەمالیکەکان دەرهێنا وەك ( عینتاب ، مەلاَتیە ) ، بەلاَم ڕاگەیاندنی جەنگێکی سەرتاسەری دژی مەمالیك بۆ دەوڵەتی عوسمانی کارێکی ئاسان نەبوو ، چونکە مەمالیکەکانیش سوننە مەزهەب بوون ،سوڵتان

سەلیم نەیدەتوانی وەك سەفەویەکان مامەڵەیان بکات ، لێرەدا دەرکەوتنی پورتوگالیەکان لە کەنداو داو ئەو پەلهاویشتنەیان بەئاراستەی ناوچە پیرۆزەکانی ئیسلام و بێ توانایی مەمالیکەکان لەپاراستنی ڕەعیەت ، تەنانەت کاروانی حاجیەکانیشی بۆ نەداپارێزرا ، ئەم لاوازیەی مەمالیکەکان باشترین پاساوی شەرعی بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی بە بیانوی بێ توانایی و ستەمکاری ، ڕەوایەتی ببەخشێت پەلاماردان و هەڵمەتەکانی بەرە و قولایی قەڵەمڕەوی مەمالیکەکان [٦٦] .

دەوڵەتی عوسمانی دواجار لە هەڵمەتێکی سەربازی فراواندا توانی لە ( ٢٤ئابی١٥١٦ ز ) لە جەنگی ( مرج الدابق ) دا مەمالیکەکان لە سوریا دا بشکێنن ( قانسۆ غوری ١٥٠١-١٥١٦ ز ) ش کوژرا ، دواتر بە دوایاندا چوو بەرە و ( میسر ) و لە جەنگی ( ریدانیه ) ( ٢٢کانوونی دووەمی ١٥١٧ ز) لە وێش بە سەریاندا سەرکەوت چووە ناو ( قاهیرە) ەوە ، ( تومان بای ١٥١٦-١٥١٧ ز ) فەرمانڕەوای مەمالیك هەرچەندە بەرە و ناوچەی (دەلتا) ڕایکرد ، بەلام خەڵکی ناوچەکە دەستگیریان کرد دایانە دەست عوسمانیەکان ، سوڵتان سەلیم لە ( ١٣نیسانی١٥١٧ز) فەرمانیدا بەخنکاندنی [٦٧] .

دوای ئەم سەرکەوتنە سوڵتان سەلیم وەك خەلیفەی موسڵمانان خۆی ناساندو شەریفی مەککە لە گەڵیدا ڕێککەوتوو کلیلی کەعبەی پێ سپارد [٦٨] ، لەوە بە دواوە سوڵتانی عوسمانی نازناوی ( پارێزەری دوو حەرەمە پیرۆز )ە کەشی لە خۆی نا ، چونکە ئەم نازناوە پیرۆزیەکی زیاتری بە دەوڵەتی عوسمای دەبەخشی و ڕاستاندێکیش بوو بۆ گەورەیی عوسمانیەکان و هەژموونیان بە سەر جیهانی ئیسلامیدا [٦٩] .

لە دوای جەنگی ( ریدانیە ) هەریەك لە میسر و حیجاز و بەشێك لە یەمەن کەوتە ژێر دەستی عوسمانیەکان [٧٠] .

دەوڵەتی عوسمانی دوای ئەم سەرکەوتنانە دەبوایە پلانێك دابنێت بۆ پاراستن و زامنکردنی دەریای سوور بەرامبەر بە مەترسی پورتوگالیەکان و هەڕەشەیان بۆ سەر پیرۆزگاکانی ئیسلام [٧١] ، چونکە لە هەمانکاتدا دەریاکانی ڕۆژهەلاتیان بە شوێنێکی ستراتیژی و گرنگ ئەژمار دەکرد ، چونکە دەکەوتە سنووری باشووری دەوڵەتەکەیان [٧٢] لەو کاتەدا پورتوگالیەکان لە دەریای سووردا پێشڕەویان دەکرد ، هەڕەشەی داگیرکردنی ( مەککە و مەدینە ) یان دەکرد ، سوڵتان سەلیم هێشتا لە میسر بوو ، فەرمانی دەرکرد بە بونیادنانی کەشتی گەلێك لە (سوێس ) بە مەبەستی دەرپەڕاندنی پورتوگالیەکان لە ( زەریای هیندی ) دا ، ئەم هەنگاوە توانی هێرشی پورتوگالیەکان بۆ سەر ( جدە ) ڕابگرێت ، لە ڕاستیدا تا ئەو کاتە پورتوگالیەکان خۆیان دەپاراست لە ڕوو بە ڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا ، عوسمانیەکانیش دوای درك کردن بەم ڕاستیە مەبەستیان بوو ئەو خاڵە بقۆزنەوە و پەلاماری پورتوگالیەکان بدەن [٧٣] ، دەوڵەتی عوسمانی هانا بۆ بردنی پیا و ماقولانی دوورگەی عەرەبی بە تایبەتی و موسڵمانانی ژێر دەسەلاتی مەمالیکەکانی بە گشتی فۆستبۆوە بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی دەریای سوور و کەنداوی فارسدا شوێن پێی خۆی قایم بکات و لە پاڵ پاساوە ئاینیەکەدا کە پاراستنی ڕۆژهەلاتی نزیکی ئیسلامی بوو لە مەترسی پورتوگالیەکان ، ئەم بۆ چوونەش لەو گرنگی پێدانەوە سەرچاوە دەگرێت کە سوڵتان سەلیم لە هەمبەر ڕێگای بازرگانی دەریای سوور و ئەو ڕێگا ئاوییانە هەیبوو کە کەناراوە عەرەبیەکانی دەبەستەوە بە کەنارەکانی هیند و ڕۆژهەلاتی دوور ، بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ( ١٥١٩ ز ) کەشتیگەلی بەرێخست بەرەو هیند بە مەبەستی شەڕکردن لەگەڵ پورتوگالیەکان ، دوای خۆشی ( سوڵتان سلێمانی قانونی ) کوڕی ( ١٤٩٥ – ١٥٦٦ ز) کە لەساڵی ( ١٥٢٠ ز) دەسەلاتی گرتە دەست هەمان سیاسەتی باوکی پەیڕە و کرد و هەوڵی زۆریدا بۆ لاوازکردنی پورتوگالیەکان لە

دەرياكانی هيند دا ، بە تايبەتی دوای ئەوەی نێردەی پاشاكانی هيند پەنايان بۆ دەبرد و داوای هاوكاريان لێدەكرد دژ بە پورتوگاليەكان (٧٤) .

فاكتەرێكی دیكەی گرنگيدانی عوسمانیەكان بە ململانێی پورتوگال و لاوازكردنی ، ئاگادارييان بوو لە هاوكاری و پشتيوانی ئەوان بوٚدەوڵەتی سەفەوی و كۆمەك كردنيان بەو دەوڵەتە ، كە سەفەويەكان ئامادەبوون هەموو شێوە هاوكاريەك لەگەڵ پورتوگاليەكان بكەن دژ بە دەوڵەتی عوسمانی (٧٥) تەنانەت سەفەويەكان داوايان لە پورتوگال دەكرد كە هاوكاريان بكات لەپەلاماردانی ( بەحرەين ) و ( قەتيف ) هەروەها لە سەركوتكردنی ياخيبوانی ( مەكران ) ( بلوجستان ) و داگيركردنی ( جوادر ) ، لە بەرامبەر دەوڵەتی سەفەوی دان بنێت بە دەسەلاتی پورتوگاليەكاندا لە ( هورمز ) و كاربەدەستانی سەفەوی دەست وەرنەدەنە كاروباری ئەو دورگەيە ، هەروەها هەردوولا لە سەر ئەوە رێككەوتبوون كە هاوپەيمانێتيەك دروستبكەن بۆ دژايەتی دەوڵەتی عوسمانی ، لەم پێناوشدا پورتوگاليەكان تۆپی قورس بدەن بە سوپای سەفەوی و توانای سوپاكەی بە هێز بكەن (٧٦) .

ئەم هاوكاريە بۆ ئەو دوو دەوڵەتە پێويست بوو ، چونكە پورتوگاليەكان كۆنتڕۆڵی دەروازەكانی دەريای سوريان كردبوو ، لە هەمان كاتدا سەفەويەكان هەژموونيان بە سەر بەشی زۆری ( رێگای ئاورێشم ) دا هەبوو (٧٧) .

بەلاَم ئەم رێككەوتنە هەروەك مەرەكەبی سەركاغەز مايەوە چونكە لەو سەروبەندەدا ( ئەلفۆنسۆ دا ئەلبوكيرك ) AlPhonso De Albuquerequd لە سەرەتای ساڵی ( ١٥١٥ ز ) دا كۆچی دوايی كرد و رێككەوتنەكە جێبەجێنەكرا و كەشتيە پورتوگاليەكان بەردەوام بوون لەو قورغكردنی بازرگانی كەنداو لە دورگەی هورمزەوە تا بەسرە بێ گوێدانە بەرژەوەنديی سەفەوييەكان (٧٨).

پورتوگاليەكان لە زۆربەی كە نارەكانی كەنداودا بنكەی سەربازييان دامەزراند بوو ، لە هەمان كاتدا چەندين كۆمپانيای بازرگانيان لە هورمز و قلهات و سەحار و مەمەسقەت كردبۆوە ، ئەوان لە سەرەتادا زۆر بە توندی مامەڵەيان دەكرد و خەلكێكی زۆريان لە دانيشتوانی ناوچە داگيركراوەكانی كەنداو كوشت ، بەلاَم دواتر دەسەلاتی پورتوگالی بەرامبەر بە سەپاندنی باجێكی دياريكراو ، رێگای دەدا دانيشتوانی ئەو ناوچانە حوكمڕانی خۆجێتی تەواويان هەبێت (٧٩).

دوای مردنی( ئەلفۆنسۆ دا ئەلبوكيرك) ، جموجوڵی ناڕەزايی و ياخيبوون دژ بە پورتوگاليەكان خەريك بوو تەشەنەی دەسەند ، لە هەمان كاتدا نزيكبوونەوەی عوسمانييەكان وايكرد كە ژمارەی كەشتيە پورتوگاليەكان لە زەريای هيندی و كەنداودا زياتر بوون ، دەستيان كرد بە دامەزراندنی فەرمانبەری پورتوگالی لە بنكەكانی گومرگ ، ئەمەش وايكرد كە پشێوی لە كەنداودا سەر هەڵبدات و پاشای هورمز هەوڵی گەڕانەوە بدات ، بەلاَم پياوەكانی لە دوورگەی ( قشم ) كوشتيان ، پورتوگاليەكانيش بە كەشتيگەلێكەوە لە هيندەوە هێرشيان كردە سەر (سەحار ) و كاوليان كرد ، پاشان ڕوويانكردەوە ( هورمز ) و كۆنتڕۆڵيان كردەوە ، ئەمجارەيان پەيمانێكيان لەگەڵ حاكمی هورمز دا مۆركرد بە ناوی ( ميناب ) لە ساڵی ( ١٥٢٣ ز) كە فەرماندەی پورتوگاليەكان بە سەر هورمزدا سەپاندی بە پێی ئەم رێككەوتنە ئەو دوورگەيە خرايە ژێر چاودێری وردی پورتوگالەوە (٨٠)

لە ساڵی ( ١٥٢٦ز ) دا دانيشتوانی مەسقەت و قەلهات جارێكی دیكە ياخيبوون و كەوتنە جموجۆڵ لە دژی پورتوگاليەكان ، لە ساڵی ( ١٥٢٩ز ) ( بەحرەين ) كەوتە دژايەتی پورتوگاليەكان ، كە بێگومان ئەم ڕاپەڕين و ياخيبونە لە ئاكامی توندكردنی دەسەلاتی ڕاستەو خۆی پورتوگال بوو لە ناوچەكانياندا ، بۆيە حكومەتی

پورتوگال جارێکی دیکە دەسەڵاتی فراوانی بەخشیەوە بە حکومەتە خۆجێیەکان ، دەستیان لە داب و نەریتی خەڵکی وەرنەدەدا ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی پورتوگالدا دژ بەیەك نەبوونایەو زیانی بە ئابوورییان نەگەیاندایە (٨١) .

ئەوخێڵ و فەرمانڕەوا خۆجیانەی کەنداو وێڕای ململانێی خۆیان و ململانێیان لەگەڵ پورتوگال هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی باس لەوە ناکات هەرگیز داوای پشتگیری دەوڵەتی عوسمانیان کردبێت دژ بە پورتوگال ، بێگومان ئەوەش زیاتر بۆ سروستی ئەو خێلانە دەگەڕێتەوە کە حەزیان بە فەرمانڕەوایی هیچ هێزێکی بێگانە نەکردوە ، تەنانەت کاتێك عوسمانیەکان گەیشتنە ئەو کەنارانەی کەنداو و دووچاری بەرەنگاربوونەوەی دانیشتوانەکەی بوونەوە (٨٢) ، بەلاّم پێچەوانەی دانیشتوانی کەنداو میر و فەرمانڕەوا هیندیەکان لە ماوەی ئەو ململانێیەدا لە نێوان ( ١٥٠٢ – ١٥٣٦ز ) چەندین جار داوای یارمەتی و هاوکاریان لە دەوڵەتی عوسمانی کردوە و ئەوانیش بە دەنگیانەوە چوون (٨٣).

بێگومان دەوڵەتی عوسمانی دوای کۆنترۆڵکردنی شام و میسر بوو بە میراتگری دەوڵەتی مەمالیك و هێزی دەریایی و بەندەر و کەنار و تەنانەت شێوازی شەڕ و ململانێکانیشی لەگەڵ دەوڵەتی پورتوگالدا ، دەوڵەتی عوسمانی بە هەمان شێوەی مەمالیکەکان هێرش و پەلامارەکانی لە بەندەری سوێس و دەریای سوورەوە بە ئاراستەی ئاوەکانی هیند و کەنداوی فارس بەرێدەخست ، بەلاّم هیچ بنکەو پێگەیەکی عوسمانی لە کەنداو دا نەبوو ، هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانیش دەکەوتنە ژێر هەڕەشەی کەشتیگەلی پورتوگال لە (مەسقەت ) و ( بەحرەین ) ، لێرەدا واپێویستی دەکرد کەشتیگەلی عوسمانی خاوەنی بەندەرێکی گەورە بێت لە کەنداودا ، کە دووکاری گرنگی بۆ سەرخستنی هەڵمەتە دەریاییەکانی ئەو دەوڵەتە فەراهەم دەکرد ، دژ بە دەوڵەتی پورتوگال لە ئاوەکانی هیند دا ، بریتی بوو لە :

یەکەم : بنکەی دەریایی هێرش بەر کە لە وێوە کەشتیگەلی عوسمانی بە ڕێکەوێت لە هەڵمەتە ڕاستەوخۆکانیدا دژ بە پورتوگال لە کەنداوی فارس و زەریای هیند .

دووەم : ئەو بەندەرە دەبووە وێستگەیەك بۆ لەنگەرگرتن و خۆسازدانەوە وئامادەباشی ئەو کەشتیگەلە عوسمانیانەی لە ناوچەی سوێسەوە بەرێدەکەوتن بەرە و ئاوەکانی هیند بۆ لێدانی پورتوگالیەکان (٨٤) .

دەوڵەتی عوسمانی لەوەدەمەدا تەنها بەندەری سوێسی بە دەستەوە بوو ، بۆیە دەبوایە بۆ بە هێزکردنی پێگەی خۆی لە کەنداودا دژ بە پورتوگال ، بنکەیەك لەو کەنارانەی کەنداو دەستەبەر کات بۆ کەشتیگەلی ولاّتەکەی . لەم بوارەشدا دوای ئەوەی ساڵی ( ١٥٣٠ ز) دەوڵەتی سەفەوی هەڵمەتێکی ڕێکخست دژ بە والی بەغداد (زولفەقارخان ) کە دەیویست بچێتە پاڵ عوسمانیەکان و جارێکی دیکە هەژموونی خۆیان بەسەر عێراقدا سەپاندەوە ، عوسمانیەکان ئەو داگیرکاریەیان فەرامۆش نەکردبوو، سوڵتان سلێمان بۆ هەلێك دەگەڕا پەلاماری (عێراق) بداتەوە ، ئەوەبوو لە ساڵی ( ١٥٣٤ ز) بە فەرماندەی خودی خۆی دوای هێرش کردنە سەر تەورێز لە هەمان ساڵدا ( بەغداد ) بەبێ هیچ بەرگرییەك کەوتە دەست دەوڵەتی عوسمانی (٨٥) .

سوڵتان سلێمانی قانونی دوای چوار مانگ مانەوە بەغدادی بەجێهێشت بێ ئەوەی بەسرە داگیربکات ، بەلاّم ( ڕاشیدبن مغامس ) ی حاکمی بەسرە ( مانع ) ی کوڕی لەگەڵ یەکێك لە وەزیرەکان بە ناوی ( میر محەمەد) ڕەوانەی لای سوڵتانی کرد کە هێشتا لای ( ئەدرنا ) بوو ، تاوەکو گوێڕایەڵی خۆی بۆ سوڵتانی عوسمانی ڕابگەیەنێت و کلیلەکانی بەسرەی بداتە دەست ، بێگومان ڕاشدی حاکمی بەسرە میرێکی سەربەخۆ و خاوەن سکەی تایبەتی خۆی بوو ، ئەم هەڵوێستەی لای سوڵتان مایەی پێزانین بوو (٨٦) .

سولْتان هەر لە سەرەتاوە ڕەچاوی ڕەوشی سەربەخۆیی بەسرەی کرد و لەدابەشکردنەوەی کارگێڕی عێراقیشدا هەرچەندە کردی بەویلایەتێکی عوسمانی بەلاَم هەر لە دەستی ڕاشیدیدا هێشتیەوە و باج و باجگریشی تیادا بە شێوازی ( ئیلتزام) دانرا [٨٧] ، ئەم گوێڕایەڵی نواندنەی حاکمی بەسرە لە ساڵی ( ١٥٣٨ ز)دابوو [٨٨] ، هەر لەو ساڵەدا دەسەلاَتی عوسمانیەکان گەیشتە یەمەن و کەنارەکانی باشووری دوورگەی عەرەبی و عەدەن و زوبێد ، کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچانە بووە مایەی ململانێی زیاتر لەگەڵ پورتوگالدا ، چونکە ئەو بۆ چوونەی لا دروستکردن کە داگیرکردنی ئەو شوێنانە دەبێتە هۆی ئەوەی وەك بنکەی دەریایی بەکار بهێنرێت دژ بەوان لە دەریای سوور و زەریای هیندی [٨٩] ، ئەوە جگە لەوەی گەیشتنی دەسەلاَتی دەوڵەتی عوسمانی بە بەسرە ، گرنگی ستراتیژی ئەو شارەی دەردەخست و دەبووە دەلاقەیەك دەوڵەتی عوسمانی لێیەوە بڕوانێت بە سەر کەنداودا و بەکاری بهێنێت وەك بنکەیەکی دەریایی دژ بە پورتوگالیەکان ، هەروەها عوسمانیەکان توانیان بەتەواوەتی کۆنترۆڵی ڕێگای ئاوریشم بکەن و ڕێگای ( بەهارات ) بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە کە بریتی بوو لە ( بەسرە ، بەغداد ، حەڵەب ) [٩٠] .

ئیدی پورتوگالیەکان بە تایبەتی دوای داگیرکردنی ( عەدەن) ساڵی (١٥٣٨) تەواو ترس و دڵە ڕاوکێیان لادرووست بوو بەرامبەر بە جموجۆڵی دەوڵەتی عوسمانی پاش ئەوەی هەژموونی گەیشتبووە کەناری باکووری کەنداوی فارس، بەمەش ڕاستەوخۆ کەوتنە سەنگەر بەرامبەر بە پورتوگالیەکان ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی فەرمانڕەوا ناوچەییەکانی کەنداو وەك هێزێکی گەورە تەماشایان بکەن ، کە پێشتر هەرگیز داوای یارمەتیان لەو دەوڵەتە نەکردبوو دژ بە پورتوگالیەکان ، بەلاَم دوای بەدەرکەوتنی عوسمانیەکان لە کەناری باکووری کەنداو (میری هورمز ) ( میر شەرەفەددین ) پەنا بۆ عوسمانیەکان دەبات تاوەکو هاوکاری بکەن بۆ ڕزگاربوون لە ستەمی پورتوگال ، کاتێك ئەم هەڵوێستە بۆ پورتوگال ئاشکرابوو ئەو میرەیان لە دەسەلاَت دوورخستەوە ، چونکە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون ڕێگا بدەن بە هەژموونی عوسمانی و هەڕەشەکردن لە ڕێگا بازرگانیەکان لە کەنداودا [٩١] .

دەوڵەتی عوسمانی وەك ئاکامێکی پشت بەستن بەم پەلهاویشتنەی دەستیکرد بەجموجۆڵی ڕاستەو خۆ دژ بە پورتوگالیەکان ، ئەوەبوو لە ساڵی( ١٥٣٨ز) هەڵمەتێکی دەریایی دژ بە پورتوگالیەکان ئامادەکرد ، کە بە هەڵمەتی ( سلێمان پاشای خادم ) ناسرابوو ، ناوبراو والی ( میسر ) بوو بەهێزێکی دەریایی گەورەوە لە ( سوێس ) ەوە بەرە و ( ئاوەکانی هیند ) بەڕێککەوت ، لە یەکەم قۆناغیدا دوای داگیرکردنی ( عەدەن ) بەرەو ( هیند ) ڕۆیشت لە سەرەتادا چەند سەرکەوتنێکی بە دەستهێناو زیانێکی زۆری بە پورتوگالیەکان گەیاند ، بەلاَم سەرکەوتوو نەبوولە گەیشتن بە بەندەری ( دیۆ ) ، هەروەها میرە هیندیەکان هیچ هاوکاریەکیان نەکرد ، ئەوان پێیان وابوو ناوبراو بۆ شەڕی پورتوگالیەکان نەهاتووە ، بەڵکو بە مەبەستی داگیرکردنی کەنارەکانی (یەمەن ) ڕووی کردۆتە ناوچەکە ، لە ڕاستیشدا دوای شکستی ( سلێمان پاشا ) لە هەڵمەتەکەیدا و گەڕانەوەی ئەو کەنارانەی داگیرکردوو قایمی کردن ، دەشێ یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەو شکستە ، خودی سلێمان پاشا بێت کە ئەو کاتە تەمەنی ( ٨٠ )ساڵ بوو ، ئەمەش وایکرد فەرمانـدەیی کردنی کەشتیگەلی عوسمانی بۆ کەسێکی بەتەمەنی وەك ئەو کارێکی قورس بێت ، جگە لە مامەڵەی خراپ لەگەڵ دەسەلاَتدارانی عەدەن و کوشتنی میرەکەی ، وێڕای هاوکاری و پشتیوانی کردن لە عوسمانیەکان [٩٢] ، ئەم هێرشەی عوسمانیەکان هەرچەندە شکست خوارد و بوو بەلاَم بووە مایەی ترس و دڵە ڕاوکێی پورتوگال لە جموجۆڵی عوسمانیەکان ، بۆیە لای خۆیانەوە بڕیاریاندا هێرش بکەنە سەر کەشتیگەلی عوسمانی لە ناو ماڵی خۆیدا لە نێو بەندەری سوێس ، لە مبارەیەوە کەشتیگەلێکی پورتوگالی بە

فەرماندەی ( ئیستافۆ دیگاما ) ی کوڕەگەورەی ( فاسکۆ دیگاما ) لە ساڵی ( ١٥٤١ز ) هێرشی کردە سەر کەشتی گەلی عوسمانی لە سوێس بەلاّم هێرشەکەی سەرکەوتوو نەبوو [٩٣] .

هەرچەندە کۆنتڕۆڵکردنی ( بەسرە ) بۆ عوسمانیەکان خاڵێکی گرنگ بوو ، بەلاّم سالاّنی سەرەتا هێشتا ئەزموونی عوسمانی لاواز بوو تیایدا ، تەنانەت هەوڵیشیان دا لەگەڵ پورتوگالیەکان ڕێککەون لە ( هورمز ) ، هەروەها هێشتا توانای سەربازیی تەواویشیان نەبوو لە کەنداودا بۆ ڕووبەروو بوونەوەی پورتوگالیەکان ، بەلاّم کاتێك دەسەلاّتی عوسمانیەکان گەیشتە کەنارەکانی ڕۆژئاوای کەنداو ، پورتوگالیەکان بڕیاریاندا ئاستێك بۆ ئەو پەلهاویشتنەیان دابنێن ، بۆ ئەو مەبەستەش لە هیندەوە کەشتیگەلیان نارد بە مەبەستی داگیرکردنەوەی ( قەتیف ) و دواتر ڕوویانکردە بەسرە بەلاّم سەرکەوتوو نەبوون [٩٤] .

لەم هێرشە بە دواوە کەنداوی فارس ڕاستەو خۆ بووە شانۆی ململانێی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە ، چونکە پێشتر بنکەی هێرشی عوسمانی بۆسەر پورتوگال بەندەری ( سویس ) بوو ، هێشتا بەسرە وەك بنکەیەکی جەنگی دەریاوانی لە ئاوەکانی ڕۆژهەلاّتدا بەدەرنەکەوتبوو ، بەلاّم دوای ئەوەی عوسمانیەکان کەوتنە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەو خۆ لە کەنداودا دژی پورتوگال ، ویستیان جۆرێك لە گونجاندن لە نێوان هەردوو بەندەری ( سوێس ) و ( بەسرە ) دا درووست بکەن ، بە حوکمی ئەوەی ( بەسرە ) لە بنکەی پورتوگالیەکانەوە نزیك بوو لە کەنداو دا ، هەروەها دەکرا وەك پەناگەیەك بە کار بهێنرێت بۆ ئەو کەشتیە عوسمانیانەی لە سوێسەوە بەرێککەوتن بەرەو ئاوەکانی ڕۆژهەلاّت [٩٥] .

عوسمانیەکان بەردەوام بوون لە هەوڵەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پورتوگالیەکان کۆنتڕۆڵکردنی ناوچەی کەنداو و چەسپاندنی دەسەلاّتی ڕاستەوخۆی عوسمانی تیایدا ، ئەم هەوڵانەی دەوڵەتی عوسمانی زۆرجار مایەی نیگەرانی خێڵەکانی ناوچەکەش بوو نەك تەنها پورتوگالیەکان کە هەوڵی پاراستنی ڕێگا بازرگانیەکانی خۆیان دەدا ، لەم نێوانەدا لە ساڵی ( ١٥٤٦ز ) ( ڕاشد بن مغامس ) حاکمی بەسرە پشتی کردە عوسمانیەکان کاتێك زانی هەوڵی چەسپاندنی هەژموونی عوسمانی لە ناوچەکەدا لەگەڵ بەرژەوەندیی و ویستی سەربەخۆیی ئەواندا یەك ناگرێتەوە ، هەر بۆیە کەوتە پشتگیری کردنی نارەزایی و ڕاپەڕینی هۆزەکان دژی دەوڵەتی عوسمانی و دالّدەدانی نەیارانیان ، ئەمەش وایکرد بە فەرمانی سولّتان سلێمانی قانونی ، ( ئەیاس پاشای) والی بەغداد هێرش بکرێتە سەر بەسرە و ڕاشدی میری بەسرە بەرەو (ئەحسا ) هەلاّت ، دوای ئەوە ئەیاس پاشابوو بە یەکەم والی عوسمانی لە بەسرە ، سوپای ئەو دەوڵەتە ڕاستە و خۆ گەیشتنە سەر کەنداوی فارس [٩٦] .

دەتوانین دوو قۆناغ لە هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ فراوانخوازی لە کەنداودا دەستنیشان بکەین :

قۆناغی یەکەم : ئەم قۆناغە بریتی بوو لە کۆمەڵێك هەوڵی گشتی کە تیایدا عوسمانیەکان نەیان توانی شوێن پێی خۆیان لە کەنداودا جێگیر بکەن .

قۆناغی دووەم : ئەم قۆناغەش بریتی بوو لە چەند هەنگاوێکی سەرکەوتووی عوسمانیەکان بە هۆیەوە توانیان دەستبگرن بە سەر ژمارەیەك پێگەو میرنشین لە کەنداودا و بیانخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە ، بەلاّم ئەم هەنگاوانەش سست و لاواز بوون و بەردەوام نەبوون [٩٧]، هەرچەندە عوسمانیەکان دوای داگیرکردنی بەسرە دەستیانکرد بە زنجیرەیەك هەوڵ بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان لە ناوچەکانی دەوروبەری بەحرەین بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاّت و باشوور ، واتا بە ئاڕاستەی عەرەبستان و حەوێزە و دوورگەکانی ڕۆژهەلاّت، لە ڕۆژئاوا شەوە بە ئاڕاستەی هۆزەکانی نێوان بەسرەو ئەحسا، بەئاڕاستەی ئەحساشدا ڕووە و بەحرەین و مەسقەت

، بەڵام ئەو هۆزانە  زۆر بە توندی بەرەنگاری عوسمانييەكان دەبوونەوە ، بە تايبەتی لەو شوێنانەی كە دوور بوون لە مەترسی پورتوگالیەكان [٩٨].

لێرەدا پێويستە فاكتەری هەڕەشەی سەفەوييەكان لەم لاوازيەدا فەرامۆشی نەكەين كە بەردەوام هەڕەشەبوون بۆسەر كەنداو و يارمەتی نەيارانی عوسمانيان داوە ، لە هەمان كاتدا سوڵتان سلێمانی قانونی ناچار بوو لە ئاكامی ئەو مەترسيانەی لە ساڵی ( ١٥٤٨ ز) جارێكی ديكە هێرش بكاتەوە سەر ئێران ، ئەو جەنگە حەوت ساڵی خاياند كە دواجار بە مۆركردنی پەيمانی ( ئەماسيا ) كۆتايی هات لە ( ٢٩مايسی١٥٥٥ ز) [٩٩] ، هەروەها فاكتەری بەرگری هۆزە عەرەبيەكان هۆكارێكی ديكەی لاوازی پێگەی دەوڵەتی عوسمانيەكان بوو لە كەنداودا  كە بە حوكمی سەختی ناوچەكانيان ، نەدەچوونە ژێر دەسەلاَتی  دەوڵەتی عوسمانی ، يان بە شێوەيەكی سەر زارەكی ملكەچيان دەنواند ، دەشێت هۆزی  ( ال عليان ) نمونەيەكی زەقی ئەو هۆزە عەرەبيانە بووبن كە تەنها بە ناو سەر بە و دەوڵەتە بوون [١٠٠].

لە كەنارەكانی  ڕۆژئاوای كەنداوی فارسيدا كەشتيگەلی دەوڵەتی عوسمانی تائەندازەيەك سەركەوتوو بوو لە لێدانی هێزی دەريايی پورتوگال بە تايبەت لە بەحرەين  هەروەها لە كەنداوی عوممانيشدا لە مەسقەت دەستی لێوەشاندن ، بەلاَم هەردەم تەرازووی هێز بە لای پورتوگاليەكاندا لاسەنگ بوو ، عوسمانيەكان نەكاران لەو كەنارانە دەريان پەڕێنن [١٠١] .

بەلاَم وێڕای ئەوەش عوسمانيەكان لە ساڵی ( ١٥٥٠  - ١٥٥١ ز) كەشتيگەلێكيان ئامادەكرد و لە ميسرەوە ڕەوانەی كەنداويان كرد بە فەرماندەيی  ( بێری بەگ ) كە لە ( ٣٠) كەشتی پێكهاتبوو لەگەڵ  ( ١٦٠٠٠ ) هەزار سەربازدا [١٠٢] ، ئەم هەڵمەتە سەركەوتوو بوو لە داگيركردنی مەسقەت ، بەلاَم شكستی هێنا لە دەستگرتن بە سەر دوورگەی ( هورمز ) دا ، ( بێری بەگ ) دوای شكستەكە پاشەكشەی كرد بەرە و بەسرە ، بەلاَم لەوێش نەمايەوە كاتێك گوێبيستی گەيشتنی هێزێكی دەريايی پورتوگاليەكان بوو ، كەشتيەكانی لە بەسرە بەجێهێشت و گەڕايەوە بۆ ميسر ، بەلاَم دوای گەڕانەوەی و جێهێشتنی ئەركەكەی بەتۆمەتی ناپاكی لە سێدارە درا [١٠٣] .

حكومەتی عوسمانی بە مەبەستی ڕزگاركردنی پاشماوەی كەشتيگەلەكەی لە بەسرە ، ( موراد بەگ ) ناسراو بە ( موراد ڕەيس ) ی ڕاسپارد بۆ ئەنجامدانی ئەركی گەڕاندنەوەی  ئەو كەشتيانە بۆ سوێس لە ساڵی ( ١٥٥٣ز ) ، بەلاَم ناوبراو سەركەوتوونەبوو لەو كارەيدا لە ئاكامی ئەو هێرشانەی پورتوگاليەكان كرديانە سەر كەشتيەكانی و زيانی زۆريان پێگەياند ، بۆيە بەناچاری گەڕايەوە بۆ بەسرە [١٠٤] .

دوا هەوڵی عوسمانيەكان بۆ ڕزگاركردنی پاشماوەی كەشتی گەلەكەيان سپاردنی ئەو ئەركە بوو بە فەرماندەيەكی دەرياوانی ديكە بە ناوی ( عەلی ڕەيس ) يان ( سيد علی ) كە زياتر بە ( كاتبی ڕومی ) ناسرابوو ، لە ساڵی ( ١٥٥٤ ) بە هەمان مەبەست ، ئەم فەرماندەيە بڕياريدابوو بە شێوەيەكی يەكلاكەرەوە بەرەنگاری پورتوگاليەكان ببێتەوە ، لەم لايەنەوە دووجار لە دەريادا لە دژيان جەنگا ، بەلاَم شكست خواردوو بوو [١٠٥] .

هەرچەندە لە گەرووی هورمزيش دەرباز بوو ، بەلاَم لە نزيك ( مەسقەت ) دووچاری شكست هات ، لە ئاكامی هەڵكردنی باوە بە ناچاری ڕووی كردە بەندەری (سورات ) لەوێوە بە ڕێگای وشكانی دا لە ساڵی ( ١٥٥٧ ز) گەيشتە ئەستەمبوڵ [١٠٦] .

جەنگی دەريايی مەسقەت بەجەنگێكی گرنگ دەژمێردرێت ، چونكە لەو سەردەمە بەدواوە پورتوگاليەكان بوون بە هێزێكی بالاَدەست و بێ ڕكابەر لە كەنداوی فارسدا [١٠٧] .

سوڵتان سلێمان دوای ئەم کایەیە هەوڵەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی کەنداو و ململانێی سەربازیی لەگەڵ پورتوگالیەکاندا بێ ئاکام بوو ، سیاسەتی عوسمانی بەرامبەر هیند و ئاستەنگەکانی ململانێ لە دەریای سووردا ، جێگرەوەکانی سوڵتان سلێمانیشی ناچارکرد نەتوانن چالاکیی بەرچاویان هەبێت دژ بە دەریاوانەکانی پورتوگال [١٠٨] ، شکستی دەوڵەتی عوسمانی لەم ململانێیەدا پەیوەستە بە چەند هۆکارێك کەدەشێت دیارترینیان بریتی بن لە :

یەکەم : دووریی و پەرتەوازەیی بنکە دەریاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی .

دووەم : لاوازی و بچووکی کەشتیەکانیان بە بەراورد لەگەڵ کەشتیگەلی پورتوگالیدا ، کە کەشتی زەریایی و گەورە بوون [١٠٩] .

سەیر لەوەدایە وێڕای ئەو کێشەو ململانێی توندو دوور و درێژەی نێوان هەردوو لا ، بەلاّم لەو ماوەیەدا چەند هەوڵێکی درووستکردنی پەیوەندیی بازرگانی و ئاشتی لە نێوان هەردوو لادا هەبووە ، بە تایبەتی دوای ئەوەی عوسمانیەکان بەسرەیان کۆنترۆڵکرد ( محەمەد پاشا ) والی بەسرە ، بازرگانێك بە نامەیەکەوە رەوانەدەکات بۆلای حاکمی پورتوگالی ( مانۆئێل دی لیما ) لە دوورگەی ( هورمز ) تیایدا نیازی دەسەلاّتی عوسمانی لە عێراق دەخاتە ڕوو بۆ دروستکردنی پەیوەندیی بازرگانی و ئابوری لە نێوانیاندا ، بەلاّم ئەم هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو بە حوکمی بێباوەڕی نێوان ئەو دوولایەنە بە یەکتری ، لە هەمانکاتدا پورتوگالیەکان ئەو بۆ چوونەیان لا دروست ببوو کە عوسمانیەکان بە حوکمی ئەوەی لە بەسرە جێگیر بوون دەتوانن ببنە هاوبەشێکی ڕاستەقینەی ئەو قازانجە ئابوورییەی کە لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە لە بەر دەستی پورتوگال خۆیدابووە ، بە تایبەتی ئەگەر بێت و بەسرە پێگە بازرگانیەکەی جاران بە دەست بهێنێتەوە و بازرگانانی (دیمەشق و حەلەب وبیرەجەك ) ڕووی تێبکەنەوە ، دواجار لە ساڵی ( ١٥٦٢ز ) دا جارێکی دیکە ( عەلی پاشا ) والی بەسرە پەیوەندیی کرد بە حاکمی پورتوگال لە ( هورمز ) بۆ درووستکردنی پەیوەندیی بازرگانی لە کەنداوی فارسدا لەسەر ئەم بنەمایەش پورتوگالیەکان لە ساڵی ( ١٥٦٣ ز ) نوێنەرێکیان ناردە ( ئەستەمبوڵ ) بە مەبەستی چاوپێکەوتنی سوڵتان سلێمان و باسکردنی ویستی والی بەسرە لە درووستکردنەوەی پەیوەندیی بازرگانی ئازاد لەگەڵ ( هورمز ) دا ، سوڵتان لەوەلاّمدا بە نوێنەرەکە دەڵێت : " من داوای ئاشتی لەکەس ناکەم، ئەگەر پاشای پورتوگال پێویسی بە ئاشتیە ، ئەوا دەبێت نوێنەرێکی بالاّ لە دارو دەستەکەی یان لە دەربار ڕەوانەی ئەستەمبوڵ بکات بۆ گفتوگۆکردن لەو بابەتە" [١١٠] .

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە هەرچەندە هەوڵەکانی ئاشتی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە هیچ ئاکامێکی نەبوو ، بەلاّم حاڵەتی بەیەکدادانی چەکداریش تا ئەندازەیەکی بەرچاو کەمبۆوە لە ئاوەکانی ڕۆژهەلاّتدا ، هەردوولا هەوڵی پاراستنی دەستکەوتی بازرگانی و ئابووریی خۆیان دەدا ، بە هاندانی بازرگانی لە نێوچەکانی ژێر دەستیاندا ، بێگومان ئەم بابەتەش ململانێی نێوان هەردوولای زیندوو دەکردەوە [١١١] .

لێرەدا تا کۆتایی دەسەلاّتی سوڵتان سلێمانی قانونی لە ساڵی ١٥٦٦ ز هیچ تێکهەڵچوون و ململانێیەکی وا بەرچاو ناکەوێت لە کەنداودا لە نێوان ئەو دوو زلهێزە بەڵکو تا ئەندازەیەك هێمنیەك بەدی دەکرێت لە پەیوەندییەکانیاندا .

**ئەنجام**

**یەکەم : بزووتنەوەی دۆزینەوە جوگرافیەکان کە پورتوگال پێشڕەوی دەکرد ، وێڕای هەموو پاساوێکی ئایینی و موژدەگەری ، مەبەستی سەرەکی پرۆسەکە هۆکاری ئابووری بوو ، لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی ڕێگای ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئەوروپاو ڕۆژهەلآت .**

**دووەم : لاوازکردنی دەسەلآتی مەمالیك و بێبەشکردنی بوو لەو دەستکەوتو و داهاتە ئابوورییەی لە ئاکامی ئەنجامدانی ڕۆڵی نێوانگیر لە بزاوتی بازرگانی نێوان ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوادا دەیگێڕا .**

**سێیەم : دەوڵەتی عوسمانی هەموو هەوڵەکانی بۆ خۆنیشاندان وەك پارێزەر و بەرگریکار لە موسڵمانانی جیهان و پیرۆزیەکانی ئیسلام تەنها پاساوێك بوو بۆ وەدەستهێنانی دەستکەوتی ئابووریی و تەنگ پێهەڵچنینی پورتوگالیەکان لە کەنداودا ، یان بەلای کەمەوە پشکداریی کردن لەو جموجۆڵە بازرگانیی و ئابوورییە چالاك و پڕداهاتە .**

**چوارەم : دەوڵەتی عوسمانی لەو ململانێیەدا شکست خواردوو بوو ، چونکە ئەویش هاوشێوەی پورتوگالیەکان لە چاوی دانیشتوانی کەنداودا بێگانەبوو ، هەرگیز وەك فریاد ڕەس تەماشا نەکرا ، بەڵکو وەك داگیرکەر و باج گرێك لێیان دەڕوانی .**

## پەراوێزەکان

١. د. مهدي محمد علي : جغرافية البحار والمحيطات ، الموصل ،١٩٨٢ ، ص ٥١ " ww.marefa . org inc ٢٠١٥/٢/١

٢ .د . فاروق عمر : تأريخ الخليج العربي في العصور الاسلامية الوسطي ، ط ٢ ، بغداد ، ١٩٨٥ ، ص ٦٣ .

٣. قدري قلعجي : الخليج العربي ، دار الكتاب العربي ، بيروت ، ١٩٦٥، ص٨.

٤.د . صبري فارس الهيتي : الخليج العربي دراسة الجغرافية السياسية ، ط ٢ ، بغداد ١٩٨١ ، ص ٩–١٠ .

٥. ن ، م ، ص ٢١ .

٦. جمال الدناصوري ، دولت احمد صادق ، محمد سيد غلاب : جغرافية العالم ( دراسة اقليمية ) اسيا و اوروبا ، القاهرة ، ١٩٦٧ ، ص ٢٤.

٧.ن ، م ، ص ٢٢.

٨. صبري فارس الهيتي : الخليج العربي ..... ، ص ٢١، ٢٢.

٩. ن ، م ، ص ٢٢.

١٠. د. مهدي محمد علي : م . س، ص ٢٧ .

١١. د . محمد حمادي مطلق : التوزيع المكاني لمناطق استخراج واستخدام المياه الجوفية في منطقة الخليج العربي ، مجلة الخليج العربي ، عدد الاول ، كلية الاداب – جامعة البصرة ، ١٩٧٣، ص ٧٦ .

١٢. صبري فارس الهيتي : الخليج العربي ...... ص ٢٢.

١٣. صبري فارس الهيتي : ن ، م ، ص ٢٢ " فيروز حسن حمه عزيز : الاهمية الجيوستراتيجية لكردستان الجنوبية وتأثيرها على السياسة البريطانية ، تجاهها ( ١٩١٤ – ١٩٢٤ ) سليمانية ، ٢٠٠٨ ، ص ١٢٢ " عبد الرزاق الحسني : تأريخ العراق السياسي الحديث ، ج ١ ، ط ، لبنان ، ١٩٥٧ ، ص ٥٨ .

١٤. ميلاد مقرحي : موجز تأريخ اسيا الحديث والمعاصر ، قاهرة ، ١٩٩٨ ، ص ٢٨ .

١٥. سليم طه التكريتي : الصراع على الخليج العربي ، بغداد ، ١٩٦٦ ، ص ١٠ .

١٦.د . صبري فارس الهيتي : الخليج العربي .........، ص ٢٤ .

ن ، م ، ص ٢٤ .

ن ، م ، ص ٢٥.

نصر الدين عبدالحميد نصر : علاقات الدول الاوروبية بمنطقة الخليج العربي في الفترة ١٥٨٠ الى ١٦٤٠ م ، القاهرة ، ٢٠٠٧ ، ص ٨،٩.

ميلاد مقرحي : م . س ، ص ٢٨.

ماكس فون اوبنهايم : من البحر المتوسط الى الخليج ، العراق و دول الخليج ، ترجمة / محمود كبيبو ، ج ٢ ، لندن ، ٢٠٠٩ ، ص٣٧٣ " نصر الدين عبدالحميد نصر : م . س ، ص ٨ .

فرغلي علي تسن : تأريخ اوروبا الحديث والمعاصر ، برامج التعليم المفتوح ، جامعة العلاقات الدولية ، بدون سنة طبع، ص ٣١ .

نصر الدين عبد الحميد نصر : م . س ، ص ٩.

فرغلي علي تسن : م . س ، ص ٣١.

د . عبدالحميد البطريق ، د . عبد العزيز نوار : التأريخ الاوروبي الحديث ، من عصر النهضة الى مؤتمر فينا ، بيروت ، بدون سنة طبع ، ص ٤٨.

د . فرغلي علي تسن : م . س ، ص٣١،٣٢ " د . عبدالرزاق مطلك الفهد : تأريخ العالم الثالث ، موصل ، ١٩٨٩ ، ص٣٧ .

د . عبدالحميد البطريق، د . عبدالعزيز نوار : م . س ، ص ٥٠ .

د . اياد علي الهاشمي : تأريخ اوروبا الحديث ، عمان ، ٢٠١٠ ، ص ٢٨ ،٢٩ " د . جلال يحيى : التأريخ الاوروبي الحديث والمعاصر ، الفجر ج ١ ، اسكندرية ، ١٩٩١، ص ٣٩٧ ،٣٩٨ .

د . عبدالحميد البطريق ، د . عبد العزيز نوار : م . س ، ص ٥٢ .

د . عباس اسماعيل صباغ : تأريخ العلاقات العثمانية الايرانية ، الحرب والسلام بين العثمانيين والصفويين ، بيروت ، ١٩٩٩ ، ص ٦٥ " د . عبدالوهاب الكيالي واخرون : موسوعة السياسية ، ج ٤ ، ط٤ ، بيروت ٢٠٠١ ، ص ٤٨٨ .

نصر الدين عبد الحميد نصر : م . س ، ص ٩ " غيثاء احمد نافع : العلاقات العثمانية – المملوكية ١٤٦٤ – ١٥١٧ م ، بيروت ، ٢٠٠٥ ، ص ١٥٧ .

عباس اسماعيل صباغ : م . س ، ص ٦٥ " د . عبدالعزيز سليمان نوار : الشعوب الاسلامية ( الاتراك العثمانيون ، الفرس ، مسلمو الهند ، بيروت ، ١٩٩١ ص ١٢٩ " غيثاء احمد نافع: م . س ، ص ١٥٧ .

د . عبدالوهاب الكيالي واخرون : موسوعة السياسية ، ج ٤ ، ص٤٤٨ .

نصر الدين عبدالحميد نصر : م . س ، ص ٢٣ .

غيثاء احمد نافع : م . س ، ص ١٥٨، ١٥٩ .

عبدالفتاح ابراهيم : على طريق الهند ، ( علم واثر ) بغداد ، ٢٠٠٤ ، ص ٢٤ .

ماكس فون اوبنهايم : م . س ، ص ٣٧٣ .

صبري فارس الهيتي : الخليج العربي ، ص ٢٩ .

ن ، م ، ص ٣٧٣ .

د . مصطفى عبد القادر النجار واخرون : تأريخ الخليج العربي ، ص ١٦،١٧ ؛ ستيفن همسلي لونكريك : اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث ، تر / جعفر الخياط ، ط ٣ ، بغداد ،١٩٦٢ ، ص ١.

نصر الدين عبدالحميد نصر : م . س ، ص ٢٣،٢٤.

**لەسەرچاوەكاندا ناوى بە ( ئەرموز ) ( ئەرمازيا ) ( ئۆرمۆزيوم ) هاتووە ، وەك باسى دەكرێت لەلايەن پاشاى ساسانى ( ئەردەشێرى پاپەكان ) دروستكراوە لە سەرەتاى سەدەى سێيەمى زاينيدا "** عبدالفتاح ابراهيم : م . س ، ص ٢٤ " ماكس فان اوينهايم : م . س ، ص ٣٧٣" .

د . نافع طارق الحمداني واخرون : دراسات عن تأريخ الخليج و الجزيرة العربية ، بأشراف / د . عبدالجبار ناجي ، د . محمد كريم ابراهيم ، بصرة ، ١٩٨٥ ، ص ١١ " د . جلال يحيى : م . س ، ص ٣٩٨، ٣٩٩ .

د . غيثاء احمد نافع : م . س ، ص ١٥٨ .

اكمل الدين احسان اوغلي : الدولة العثمانية تأريخ وحضارة ، ترجمة / صالح سعداوي ، مج٢، استانبول ، ١٩٩٩ ، ص ٣٢ ؛ غيثاء احمد نافع : م . س ، ص ١٥٩ .

د . مصطفى عبدالقادر النجار واخرون : م . س ، ص ١٧.

د . عبدالعزيز سليمان نوار : م . س ، ص ١٣٦ ؛ غيثاء احمد نافع : م . س ، ص ١٥٩ .

د . صلاح احمد هريدي : دراسات في تأريخ العرب الحديث ، القاهرة ، ٢٠٠٩ ، ص ٥١٠ .

د . مصطفى عبدالقادر النجار واخرون : م . س ، ص ١٦، ١٧ " ستيفن همسلي لونكريك : م . س ، ص ١ " عبد الفتاح ابراهيم : م . س ، ص ٢٥ .

ستيفن همسلي لونكريك : م . س ، ص ٤٠ .

غيثاء احمد نافع : م . س ، ص ١٦٠ ، ١٦١ .

د . مصطفى عبدالقادر النجار واخرون : م . س ، ص ١٦، ١٧ .

د . صلاح احمد هريدي : م . س ، ص ٥١٤ .

د . محمد سهيل طقوش : تأريخ الدولة الصفوية في ايران ١٥٠١ – ١٧٣٦م ، بيروت ،٢٠٠٩ ، ص٨٤ .

د . طارق نافع الحمداني : الخليج والجزيرة العربية ، بين القرن السادس عشر والقرن العشرين ، بيروت ، ٢٠١١ ، ص١٢ .

نيقولاي ايفانوف : الفتح العثماني للأقطار العربية ١٥١٦–١٥٧٤ ، ترجمة / يوسف عطا الله ، بيروت ، ١٩٨٨ ، ص ٣٢ .

غيثاء احمد نافع : م . س ، ص ١٥٧ " د . عباس اسماعيل صياغ : م . س ، ص ٦٧ .

اكمل الدين احسان اوغلي : م . س ، ص ٣٢ ، ٣٣ .

غيثاء احمد نافع : م . س ، ص ١٧٠ .

ن ، م ، ص ١٧٣–١٧٨ .

د . عباس اسماعيل صباغ : م . س ، ص ٦٨ .

عبدالعزيز سليمان نوار : م . س ، ص ٨٦، ٨٧ .

غيثاء احمد نافع : م . س ، ص ١٧٢ ، ١٧٣ " عبدالعزيز سليمان نوار : م . س ، ص ١٣٣ .

د . عمر عبدالعزيز عمر : تأريخ المشرق العربي ( ١٥١٦ – ١٩٢٢ ) ، بيروت ، ١٩٨٤ ، ص ٨٨ .

ن ،م ، ص ٨٨ ، ٨٩ .

اكمل الدين احسان اوغلي : م . س ، ص ٣٢، ٣٣ .

كارل بروكلمان : تأريخ الشعوب الاسلامية ، ترجمة / نبية امين فارس – منير البعلبكي ، ط ٦ ، بيروت ، ١٩٧٤ ، ص ٤٤٨ ، ٤٤٩ " لوتسكي : تأريخ الاقطار العربية الحديث ، بيروت ، ص ١٣ " ساطع الحصري : البلاد العربية والدولة العثمانية ، ط ٢ ، بيروت ، ١٩٦٠ ، ص ٤٠ " د . محمد سهيل طقوش : التأريخ العثماني من قيام الدولة الى الانقلاب على الخلافة ، بيروت ، ٢٠٠٧ ، ص ١٢٤ .

ساطع الحصري : م . س ، ص ٤٤،٤٥ " عبدالعزيز سليمان نوار : م . س ، ص ٩٢ ، ٩٣ " عباس اسماعيل صباغ : م . س ، ص ٦٨ " خليل اينالجك : تأريخ الدولة العثمانية من النشوء الى الانحدار ، ترجمة / محمد م . الارناؤوط ، ط ٢ ، بنغازي ، ٢٠١٤، ص ٥٨ .

د . طارق نافع الحمداني واخرون : دراسات عن تأريخ ........، ص ١٨ .

عبدالعزيز سليمان نوار : م . س ، ص ٩٢، ٩٣ .

المحامي عباس العزاوي : تأريخ العراق بين احتلالين ، ج ٤ ، العهد العثهاني الاول ، بدون مكان طبع ، ١٤٢٥ ه ، ص ٤٤" نصر الدين عبدالحميد نصر : م . س ، ص ٦١ .

نصر الدين عبد الحميد نصر : م . س ، ص ٦١ .

خليل اينالجك : م . س ، ص ١٩٩ " اكمل الدين احسان اوغلي : م . س ، ص ٤٣.

اسماعيل احمد ياغي : تأريخ العالم الاسلامي الحديث والمعاصر ، ج١، الجناح الاسيوي ، رياض ، ١٩٨٠ ، ص ٣٢ " د . عمر العزيز عمر : م . س ، ص ٨٨ .

د . عبدالعزيز سليمان نوار : م. س ، ص ٩٤ .

د . طالب محيبس حسن الوائلي : الصفويون من الطريقة الصفوية حتى تأسيس الدولة ، ط ٢ ، دمشق ، ٢٠١٢ ، ص ٣٠٤ " د . صلاح احمد هريدي : م . س ، ص ٥١٤ .

عباس اسماعيل صباغ : م . س ، ص ٦٨ .

د . طالب محيبس حسن الوائلي : م . س . ص ٣٠٤ " وليم هويد : رحلة من ساحل مالابار الى القسطنطنية ، ترجمة/ د . سعاد محمد خضر ، السليمانية ، ٢٠١١ ، ص ٤٢ .

ماكس فون اوبنهايم : م . س ، ص ٣٩٢ .

د . صلاح احمد هريدي : م . س ، ص ٥١٤ " د . طارق نافع الحمداني : الخليج والجزيرة ......، ص ١٢.

د. طارق نافع الحمداني : م . س ، ص ١٣.

الكسندر اداموف : ولاية البصرة في ماضيها وحاضرها ، ترجمة / هاشم صالح التكريتي ، لندن ، ٢٠٠٩ ، ص ٣٦٩ .

ن . م ، ص ٣٧ .

د . عبدالعزيز سليمان نوار : م . س ، ص ١١٣ ، ١١٤ .

أ. د . فريدون امجان : سليمان القانوني سلطان البرين والبحرين ، القاهرة ، ٢٠١٤ ، ص ١٥٤ ، ١٥٥ " الكساندر اداموف : م . س ، ص ٣٩٧ .

المحامي عباس العزاوي : م . س ، ص ٤٦ " عمر عبدالعزيز عمر : م . س ، ص ٩٣ .

د . صالح احمد العلي واخرون : العراق في التأريخ ، بغداد ، ١٩٨٣ ، ص ٥٧٣ ،٥٧٤ .

٨٨. الكساندر اداموف : م . س ، ص ٣٦٨ .

٨٩. د . طارق نافع الحمداني واخرون : دراسات عن تأريخ ، ص ١٩٠ .

٩٠. عباس اسماعيل صباغ : م . س ، ص ٦٩ " الكساندر اداموف : م . س ، ص ٣٧٠ " اكمل الدين احسان اوغلي : م . س ، مج٢، ص٤٠ ،٤١ .

٩١. نصر الدين عبدالحميد نصر : م . س ، ص ٦٦، ٦٧ .

٩٢. د . صلاح احمد هريدي : م . س ، ص ٥١٥ " نصر الدين عبدالحميد نصر : م. س ، ص ٦٤، ٦٥ " عباس اسماعيل صباغ : م . س ، ص ٦٩ .

٩٣. د . طارق نافع الحمداني واخرون : دراسات ....... ، ص ١٩١،١٩٢ .

٩٤.ن ، م ، ص ١٩٢ .

٩٥.خليل اينالجك: م . س ، ص ٦٦" اكمل الدين احسان اوغلي : م . س ، ص ٤٣ .

٩٦. د . عمر عبدالعزيز عمر : م . س ، ص ٩٣ " الكساندر اداموف : م. س ، ص ٣٦٩ .

٩٧. د . مصطفى عبدالقادر النجار : التأريخ السياسي لعلاقات العراق الدولية بالخليج العربي ، البصرة ، ١٩٧٥ ، ص ٣٣ .

٩٨. عمر عبدالعزيز عمر : م . س ، ص ١١٤ ، ١١٥ .

٩٩. خليل اينالجك : م . س ، ص ٦٦.

١٠٠. عمر عبدالعزيز عمر : م . س ، ص ١١٥ .

١٠١.ن ، م ، ص ١١٥ .

١٠٢.المحامي عباس العزاوي : م . س ، ص ٦٨ .

١٠٣.د . صلاح احمد هريدي : م . س ، ص ٥١٦ " ماكس فون اوبنهايم : م . س ، ص ٣٩٢ .

١٠٤.المحامي عباس العزاوي : م . س ،ص ٧٠،٧١ .

١٠٥. الكساندر اداموف : م . س ، ص ٣٧١ .

١٠٦. د . طارق نافع الحمداني واخرون : دراسات ..... ، ص ١٩٤ .

١٠٧.د . طارق نافع الحمداني : الخليج والجزيرة العربية ....، ص ١٣ " ماكس فون اوبنهايم : م . س ، ص ٣٩٢ .

١٠٨.الكساندر اداموف : م . س ، ص ٣٧١ .

١٠٩. د . طارق نافع الحمداني واخرون : دراسات .... ، ص ١٩٤ .

١١٠. ن ، م ، ص ١٩٧ ، ١٩٨ .

١١١. ن ، م ، ص ١٩٨ .

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم / کتێب

### بەزمانی عەرەبی


**د. ابراهيم خليل احمد :**

١-تأريخ الوطن العربي في العصر العثماني ، مطبعة كلية التربية ، موصل ، ١٩٨٤.

**د.ابراهيم خليل علاف :**

تأريخ الخليج العربي ، دراسات في التأريخ والسياسة والتعليم ، دار ابن اثير ، موصل ، ٢٠٠٧ .

**ابراهيم علوان:**

٣- مشكلات الشرق الاوسط والوطن العربي ، منشورات المكتبة العصرية ، بيروت ،١٩٦٨.

**اسماعيل احمد ياغي ،محمود شاكر :**

٤-تأريخ العالم الاسلامي الحديث والمعاصر ( اسيا وافريقيا ) ، ج ١، رياض ، ١٩٨٠ .

**اكمل الدين احسان اوغلي :**

٥-الدولة العثمانية ، تأريخ وحضارة ، ترجمة / صالح سعداوي ، استامبول ، ١٩٩٩.

**المحامي عباس العزاوي :**

٦-تأريخ العراق بين احتلالين ، الجزء ٤ ، العهد العثماني الاول ، مطبعةالشريعة بدون مكان طبع ، ١٤٢٥ ه .

**د.انور مهدي صالح ، د. صبري فارس الهيتي :**

٧-جغرافية الخليج العربي ، بغداد ، ١٩٨٦ .

**د. اياد علي الهاشمي :**

٨-تأريخ اوروبا الحديث ، عمان ، ٢٠١٠ .

**الكسندر اداموف :**

٩-ولاية البصرة في ماضيها وحاضرها ، ترجمة / هاشم صالح تكريتي ، دار الوراق للنشر ، لندن ، ٢٠٠٩ .

**ثريا فاروقي :**

١٠-الدولة العثمانية والعالم المحيط بها ، ترجمة / د. حاتم الطحاوي ، دار المدار الاسلامي ، بنغازي ، ٢٠٠٨.

**جلال يحيى :**

١١-التأريخ الاوروبي الحديث ، والمعاصر ، الفجر ، ج ١، المكتب الجامعي الحديث ، اسكندرية ، ١٩٩١ .

**جمال الدناصوري ، دولت احد صادق ، محمد سيد غلاب :**

١٢-جغرافية العالم ( دراسة اقليمية ) اسيا واوروبا ، مكتبة الانجلو المصرية ، القاهرة ،١٩٦٧.

**حسن مجيد الدجيلي :**

١٣-ايران والعراق خلال خمسة قرون ، بيروت ، نزار الاضواء ، ١٩٩٩ .

**خليل اينالجك :**

١٤-تأريخ الدولة العثمانية من النشوء الى الانحدار ، ترجمة / محمد م . الارناؤوط ، ط ٢ ، دار المدار الاسلامي ، بنغازي ، ٢٠١٤ .

**ساطع الحصري :**

١٥-البلاد العربية والدولة العثمانية ، ط ٢ ، دار العلم للملايين ، بيروت ، ١٩٦٠ .

**ستيفن همسلي لونكريك :**

١٦–اربعة قرون من التأريخ العراق الحديث ، ط ٣ ، مطبعة برهان ، بغداد ، ١٩٦٢ .

**سليم طه التكريتي :**

١٧–الصراع على الخليج العربي ، وزارة الثقافة والارشاد ، بغداد ،١٩٦٦.

**د.صالح احمد العلي واخرون :**

١٨–العراق في التأريخ ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ،١٩٨٣ .

**د. صالح محمد عابد :**

١٩–تأريخ الخليج العربي الحديث والمعاصر ، ، ١٩٨٤ .

**صبري فارس الهيتي :**

٢٠–الخليج العربي ( دراسة الجغرافية السياسية ) ، ط ٢ ، بغداد ، ١٩٨١ .

**صبري فارس الهيتي ، انور مهدي صالح:**

٢١– جغرافية الخليج العربي ، مطبعة جامعة بغداد، بغداد ، ١٩٦٨ .

**د.طارق نافع الحمداني واخرون :**

٢٢–دراسة عن التأريخ الخليج والجزيرة العربية ، بأشراف / د . عبدالجبار الناجي ، د . محمد كريم ابراهيم ، مطبعة جامعة البصرة ، بصرة ، ١٩٨٥ .

**د . طارق نافع الحمداني :**

٢٣–الخليج والجزيرة العربية ، بين القرن السادس والعشرو القرن العشرين ، شركة الوراق للنشر ، بيروت ، ٢٠١١ .

**د.طالب محيبس حسن الوائلي :**

٢٤– الصفويون من الطريقة الصوفية حتى تأسيس الدولة ، ط٢ ، تموز للطباعة والنشر والتوزيع ، دمشق ، ٢٠١٢ .

**د. عباس اسماعيل صباغ :**

٢٥–تأريخ العلاقات العثمانية الايرانية ، العرب والاسلام بين العثمانيين والصفويين ، دار النفائس ، للطباعة والنشر ، بيروت ، ١٩٩٩ .

**د. عبد العزيز سليمان نوار :**

٢٦–الشعوب الاسلامية ( الاتراك العثمانيون ، الفرس ، مسلموا الهند ، دار النهضة العربية للطباعة والنشر ، بيروت ،١٩٩١ .

**د.عبدالحميد البطريق ، د . عبدالعزيز نوار :**

٢٧–التأريخ الاوروبي الحديث ، من عصر النهضة الى المؤتمر فينا ، دار النهضة العربية ، بيروت ، بدون سنة طبع .

**د. عبدالرزاق مطلك الفهد :**

٢٨–تأريخ العالم الثالث ، مطبعة جامعة الموصل ، موصل ، ١٩٨٩ .

**عبدالفتاح ابراهيم :**

٢٩– على طريق الهند ( علم واثر ) ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ٢٠٠٤ .

**د.عبدالوهاب الكيالي واخرون :**

٣٠–موسوعة السياسية ، ج ٢ ، ط ٤ ، المؤسسة العربية للدراسة والنشر ، بيروت ،٢٠٠١ .

٣١–موسوعة السياسية ، ج ٤ ، ط ٤ ، المؤسسة العربية للدراسة والنشر ، بيروت ،٢٠٠١.

**د.عصام السيد عبد الحميد :**

٣٢- الخطاب الاعلامي للثورة الايرانية واثرها على العلاقات الخارجية ، ، ٢٠٠٦ .

**د.عمر عبدالعزيز عمر :**

٣٣-تأريخ المشرق العربي ( ١٥١٦-١٩٢٢ ) ، دار النهضة للطباعة والنشر ، بيروت ،١٩٨٤ .

**صلاح احمد هريدي :**

٣٤-دراسة في التأريخ العربي الحديث ، مطبعة صحوة ، القاهرة ، ٢٠٠٩ .

**غيثاء احمد نافع :**

٣٥-العلاقات العثمانية – المملوكية ( ٨٦٨-٩٢٣ هـ – ١٤٦٤-١٥١٧ م ) ، المطبعة المصرية ، بيروت ، ٢٠٠٥ .

**فارق عمر :**

٣٦-تأريخ الخليج العربي في العصور الاسلامية ، ط ٢ ، بغداد ، ١٩٨٥ .

**د. فرغلي علي تسن :**

٣٧-تأريخ اوروبا الحديث والمعاصر ، برامج التعليم المفتوح ، جامعة العلاقات الدولية ، بدون مكان طبع ، بدون سنة طبع .

**د. فريدون امجان :**

٣٨-سليمان القانوني ، سلطان البرين والبحرين ، دار النيل للطباعة والنشر ، القاهرة ، ٢٠١٤ .

**فيروز حسن حمه عزيز :**

٣٩-الاهمية الجيوستراتيجية لكردستان الجنوبية والتأثيرها على السياسة البريطانية ( ١٩١٤-١٩٢٤ ) ، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية ، السليمانية ، ٢٠٠٨ .

**كارل بروكلمان :**

٤٠-تأريخ الشعوب الاسلامية ، ترجمة / نبية امين فارس- منير البعلبكي ، ط ٦ ، دار العلم للملايين ، بيروت ، ١٩٧٤

**لوتسكي :**

٤١-تأريخ الاقطار العربية الحديث ، ط ٩ ، دار الفارابي ،بيروت ،٢٠٠٩ .

**ماكس فون اوبنهايم :**

٤٢-من البحر المتوسط الى الخليج ، العراق والدول الخليج ، ترجمة / محمود كبيبو ، الجزء الثاني ، دار الوراق للنشر ، لندن ،٢٠٠٩ .

**مالكولم ياب :**

٤٣-نشوء الشرق الادنى الحديث (١٧٩٢ -١٩٢٣ ) ، ترجمة / خالد الجبيلي ، الاهالي للطباعة والنشر ، دمشق ، ١٩٩٨ .

**د.محمد سهيل طقوش:**

٤٤- تأريخ العثماني من قيام الدولة الى الانقلاب على الخلافة ، دار النفائس ، بيروت ،٢٠٠٧ .

٤٥-تأريخ الدولة الصفوية في ايران ١٥٠١- ١٧٣٦ م ، دار النفائس ، لندن ، ٢٠٠٩ .

**محمد محمد صالح:**

٤٦- تأريخ اوروبا من عصر النهضة وحتى الثورة الفرنسية ( ١٥٠٠ – ١٧٨٩ ) ، بغداد، ١٩٨١ .

**د.مهدي محمدعلي :**

٤٧–جغرافية البحار والمحيطات ، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر بجامعة الموصل ، موصل ، ١٩٨٢.

**مصطفى عبدالقادر النجار واخرون :**

٤٨–تأريخ الخليج العربي الحديث والمعاصر ، بغداد ، ١٩٨٤.

**ميلاد مقرحي :**

٤٩–موجز تأريخ اسيا الحديث والمعاصر ، مكتب الجامعي الحديث ، قاهرة ، ١٩٩٨ .

**نصر الدين عبدالحميد نصر :**

٥٠–علاقات الدول الاوروبية بمنطقة الخليج العربي ، في الفترة من ( ١٥٨٠ م الى ١٦٤٠ م ) ، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب ، القاهرة ، ٢٠٠٧ .

**نيقولاي ايفانوف :**

٥١–الفتح العثماني للاقطار العربية ، ١٥١٦ – ١٥٧٤ ، ترجمة / يوسف عطا الله ، دار الفارابي ، بيروت ، ١٩٨٨ .

**وليم هويد :**

٥٢–رحلة من ساحل مالابار الى قسطنطنية ، ترجمة / د . سعاد محمد خضر ، مطبعة شفان ، السليمانية ، ٢٠١١ .

## ثانيا / المجلات

**د.محمد حمادي مطلق :**

٥٣–التوزيع المكاني لمناطق استخراج واستخدام المياه الجوفية في منطقة الخليج العربي ، مجلة الخليج العربي ، عدد الاول ، كلية الاداب – جامعة البصرة ، ١٩٧٣ .

**جهاد مجيد محي الدين :**

٥٤–اهمية الشرق الاوسط والمصالح والاستراتيجية الاوروبية في المنطقة ، مجلة الخليج العربي ، عدد الاول ، كلية الاداب – جامعة البصرة ، ١٩٧٣.

**د.خلف الربيعي :**

٥٥– طبيعة البحوث العلمية البايولوجية في الخليج العربي ، مجلة الخليج العربي ، عدد الاول ، كلية الاداب – جامعة البصرة ، ١٩٧٣.

**سايتى ئينتەرنێت**

www.marefa .org

**ملخص**

نظراً لأهمية الخليج الفارسي منذ اقدم العصور كمعبرمائي بين الشرق والغرب واهميته الاقتصادية والسياسية واستراتيجيته الجغرافية ، كان محط الانظار وديدن الطامعين والاستعمار في كل المراحل التأريخية واختلاف المحتلين والمغامرين الاوائل من اليونانيين الى ايامنا الحالية .

انطلاقاً من هذه الزاوية اخترنا احد محاور الصراع في الخليج بين قوتين عظميتين احدهما ، برتغال الدولة الذائعة الصيت في زمن الاستعمار القديم كونها كان الدولة الطليعة في حركة الاستكشافات الجغرافية ، مع دولة فتية في الشرق الا وهي الدولة العثمانية التي كانت الغرب ساحة صولاتها الا ان بروز الدولة الصفوية كند لها ومجاور لتخومها الشرقية والجنوبية ومحاولات تلك الدولة لانيل منها ، حدا باالدولة العثمانية تغير مسار عملياتها والاتجاه شرقاً والدخول في صراع مرير مع تلك الدولة والتي كانت نقطة البداية في صراع طويل مع برتغال في مياه الخليج الفارسي والبحر الاحمر والمحيط الهندي صراع بدات ، من (١٥٠٦ م ) اي لحظة وصول الاسطول البرتغالي الى مدخل الخليج ومن ثم احتلال جزيرة ( هرمز ) وقيام الدولة العثمانية بامداد الملوك والامراء الهنود المسلمين والاسطول المملوكي الضعيف الغير ذات شأن مقارنة بالسفن الحربية البرتغالية العملاقة ومن ثم دخول العثمانيين الى الصراع البحري مباشرة بعد سيطرتهم على بلاد الشام و مصر واخذ موقع المماليك كدولة وارثة لمهامهم ومشاكلهم مع البرتغاليين الى عام ( ١٥٦٦ م ) اي نهاية حقبة سلطان سليمان القانوني وانتهاء امال العثمانيين في ازاحة البرتغاليين في الخليج والبحر الاحمر.

لقد قمنا بتقسيم بحثنا هذا على مدخل ومبحثين اساسيين ، المدخل عبارة عن توطئة لموضوعنا وذلك عن طريق اعطاء بعض التوضيحات عن الخليج من النواحي الجغرافية والاقتصادية والسياسية ....

المبحث الأول : تم تخصيص هذا المبحث لأماطة اللثام عن بروز البرتغاليين وطبيعته الاحتلال البرتغالي في الخليج وصراعهم القصير الامد مع المماليك .

المبحث الثاني : تطرقنا في هذا المبحث الى ظهور الدولة العثمانية وصراعها السياسي والعسكري مع البرتغال وقد استخدمنا العشرات من المراجع المتنوعة في كتابة بحثنا هذا وكانت اكثريتها ذات اتصال مباشر مع حيثيات بحثنا هذا وبعضها الاخر اما ثانوية او تأتي اهميتها بالدرجة الثانية ولكنها تحمل في طياتها معلومات دقيقة لموضوع بحثنا .

**Abstract**

This research is focusing on the conflicts between Portugal and Ottoman Empire, the two superpowers of the middle ages in the area of Persian gulf, which started when Portugal arrived and conquered Persian gulf, they succeeded in ending the reign of Arabs and mamaliks on the trade road between India and the west, the great economical source for them which was ended when the Portuguese succeeded in finding a new access to get to India without passing through (Levant (sham), Egypt and red sea)

When ottomans ended mamalik's power of authority in Levant (sham) and Egypt in (1516-1517), they became their successors and began to conflict with the Portuguese which was actually started since (1506), that is why from the time they arrived at Egypt to the year (1566) they tried to expel the Portuguese from Persian gulf, but they could not succeed in it because ottoman's navy force was un comparable to the Portuguese navy force.

This research consists of an introduction and two main chapters.

In the introduction the focus is on the history and geography of the gulf in general with the origin and the root of the word.

-First chapter:- in this chapter we tried to demonstrate the beginnings of the access of Portuguese to the Persian gulf , their conflicts with mamaliks and the residents of the area.

-Second chapter:-this chapter is about the conflicts between both Ottoman Empire and Portugal, with the way and style of this conflict between them




**نەخشەی کەنداوی فارس**